وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر

کۆلیژی ئەندازیاری

# کوردناسیی گشتی

## (کوردۆلۆجی)

مامۆستای بابەت:

م.ی. نێچیروان جاسم

ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣_٢٠٢٤

## پێشەکی و پاشخانێك بۆ کوردۆلۆجی

به شێوەیەکی گشتی کوردناسی له چوارچێوەی زانستێکی فراوانترە، که پێی دەگوترێت (ڕۆژهەڵاتناسی_الاستشراق). ڕۆژهەڵاتناسی میتۆدێکی زانستییه بۆ خوێندنەوە و توێژینەوە له زمان و کولتوور و ڕۆشنبیری و مێژوو و ئایینی میللەتانی ڕۆژهەڵات. ئەم زانسته داهێنراوی ڕۆژئاواییەکانه بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میللەتانی ڕۆژهەڵات، ئەمەش دوای ئەوەی به بڕیارێکی کڵێسا له ١٣١٢ هاته کایەوە و دوای ئەوە له زانکۆکانی ئۆکسفۆرد و پاریس و کامبریج و ...هتد گرنگیان به زمانه ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەتی زمانی عەرەبی دا. ڕۆژهەڵاتناسی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە، که نووسەرە ڕۆژئاواییەکان له ئەنجامی ئەو گەشتانەیان بۆ ڕۆژهەڵات کردوویانه، له ڕوانگەی زمان و ئەدەب و نەژاد و ئایین و مێژوو و جوگرافیا و کولتوور و دابونەریت و... هتد ی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیان کۆڵیوەتەوە.

ئەو نووسەر و توێژەرە ڕۆژئاواییانەی، که خەریکی توێژینەوە بوون له میللەتانی ڕۆژهەڵات و دواتر وەك ڕۆژهەڵاتناس دەرکەوتن، کەسانی جۆراوجۆر و خاوەنی پیشه و پاشخانی جیاواز بوون، لەوانە: قونسوڵ و سیاسەتمەدار، مێژوونووس و جوگرافیازان، موژدەدەر و پیاوانی ئایینیی مەسیحی. شاعیر و نووسەر و نیگارکێش، بازرگان...هتد. ئەمانه هەندێکیان سەربەخۆ و هەندێکیان لەگەڵ لەشکر و سوپای وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرەو ڕۆژهەڵات هاتوون و لێکۆڵینەوەیان له میللەتانی ڕۆژهەڵات کردووە و بۆچوون و سەرنج و لێکدانەوەی خۆیان لەو بارەیەوە تۆمار کردووە.

کوردناسی وەك بەشێك یان لقێك له ڕۆژهەڵاتناسی له **سەدەی نۆزدە** به شێوەیەکی ڕێژەیی له ڕۆژهەڵاتناسی جیا بووەوە و ئاراستەی خۆی وەرگرت و له زانکۆکانی ڕووسیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئەرمەنستان و سوید...هتد وەك بەشێکی سەر به ئێرانناسی گرنگی پێ دراوە. دەبێت ئەوە بزانین کوردناسی له سەرەتاوە بەتەواوی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکوو له چوارچێوەی ئێرانناسیدا بووە تا ئەو کاتەی بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی له **١٩٥٩** له پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی له ئەکادیمیای زانستیی سانت پێترسبۆرگ له بەشی ئێرانناسی

جیا بووەوە و بووە بەشێکی سەربەخۆ. کەواتە وەك سەرهەڵدانی زانستەکە بەشێوەیەك کە سەربەخۆیەکی ڕێژەیی هەبوو بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، بەلاّم لێکۆڵینەوە و باسکردنی کورد و کوردستان زۆر بۆ پێش ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە و تەنانەت بۆ پێش میلادیش دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە کتێبی (ئاناباس)ی (زەینەفۆن_ ئێگزەنەفۆن) (٤٠١ پ. میلاد) وەك یەکەمین سەرچاوە باسی کوردستان و ئاکار و کەسایەتیی خەڵکەکەی کراوە و دوای ئەوەش چەندان سەرچاوەی دیکە باسی کوردیان کردووە.

هەرچی سەبارەت بە سەرهەڵدانی زاراوەکەیە، ئەوە بۆ یەکەم جار زاراوەی **کوردۆلۆجیا** لە لایەن (**د. عەبدوڵلاّ جەودەت**) لە ١٩١٣ لە ژمارە ٢ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بەکارهاتووە. هەروەها یەکەم کۆنفرانسی کوردۆلۆجی لە ١٩٣٤ لە شاری یەریڤان ساز کراوە. کوردۆلۆجی زاراوەیەکی گشتگیرتر و کۆنترە و لەسەر بنەمای زمانی ئینگلیزی دارێژراوە لە دوو بەشی (کورد)، کە ناوێکی تایبەتە و گوزارشت لە نەتەوەیەکی زیندووی خاوەن مێژوو و جوگرافیا و ژیار و شارستانیەت دەکات و هەرچی پاشگری (logy)یە واتای زانست دەگەیەنێت و لە وشەی گریکیی (Logia)ەوە هاتووە. سەبارەت بە زاراوەی کوردناسی ئەوا زاراوەیەکی تازەیە و لە دوو بەشی (کورد) و (ناسی) پێکدێت، بەشی دووەمی وشەکە_ناسی_ قەدی چاوگە و واتای زانست و بوارێکی زانستی دەبەخشێت.

سەبارەت بە زاراوەی ڕۆژهەلاّتناسی، ئەوا بۆ یەکەم جارلە ژمارە ١٢ی گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) لە ١٩٤٤ لە شێوەی وشەی (ڕۆژهەلاّتیەوان) لە لایەن (حسێن حوزنی موکریانی)ەوە بەکارهێنراوە و پاشان بووەتە ڕۆژهەلاّتناسی. کەواتە نووسەرانی کورد سەرەتا بە چەمك و بابەتی کوردناسی ئاشنا بوون و پاشان ئاوڕیان لە ڕۆژهەلاّتناسی داوەتەوە.

کوردناسی یان کوردۆلۆجی بریتییە لە ناساندنی زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیا و کولتوور و دابونەریت و فۆلکلۆری کوردی و ... هتد. هەموو ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە باسی کوردیان کردووە و لەو لایەنە جۆراوجۆرانە لە کورد دواون. ئەو توێژینەوانە دەکرێت لە لایەنێك یان زیاتر لە لایەنێك لە کوردیان کۆڵیبێتەوە.

ئەو نووسەر و توێژەرانەی لە لایەنێك یان زیاتر خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە کورد بە کوردناس دادەنرێن. ئەم کەسانە لە سەرەتادا کەسانی بێگانە و ناکورد بوون و ئەوان بناغەدارێژەری ئەم زانستە بوون و لێکۆڵینەوە و بەرهەمەکانی ئەوان بووە بنچینەیەك بۆ هاتنە ئارای ئەم زانستە. دوای ئەوان نووسەرانی کوردیش کەوتنە لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و بەرهەمەکانی ئەوانیش بوونە هۆکارێك بۆ بەردەوامی و برەوپێدانی ئەم زانستە.

**هۆیەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی**

کۆمەڵێك هۆکار لە پشت سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسییەوە هەبوون، بە هۆی ئەوەی کوردناسیش لقێکە لە ڕۆژهەڵاتناسی، بۆیە زۆربەی ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسیدا هەبوو، ڕۆڵیشیان هاتنە ئارای کوردناسیدا هەبووە.

١_ **هۆکاری سیاسی و سەربازی:** سەرەتاکانی پەیوەندیی ئەوروپییەکان بە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە چوارچێوەی گەشتی بازرگانیدا بووە و لە سنوورێکی بەرتەسك و لە ئاستێکی کەمدا بووە. بۆیە گەڕان بەدوای ڕێگەی نوێی بازرگانیدا تا زیاتر برەو بە کارە بازرگانییەکانیدا بدەن بووەتە هۆی ئەوەی بەرەو ئەم ناوچەیە پەل بهاوێژن. لە سەدەی شازدە بە دواوە بناغە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری ئەوروپی گەشەی کرد و پشتی بە داگیرکاری و هاتن بۆ وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەست و ئەو بازرگانییەشی لەو سەردەمەدا دەکرا زیاتر سیمایەکی داگیرکاری هەبوو و بۆیە پێی دەگوترا (داگیرکاریی بازرگانی).

دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لە کۆتاییی سەدەی هەژدەیەم و سەدەی نۆزدەدا بە بارێکی لاوازی و پاشەکشێدا ڕۆیشتن، بە تایبەتی دەوڵەتی عوسمانی تا دەهات خاکی زیاتری لە دەست دەدا و ڕووبەرەکەی بچووکتر دەبووەوە و چەندان شۆڕش و ڕاپەڕین لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتەکەدا ڕووی دا، ئەمەش شکستی لایەنی سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی دەردەخست، کە نەیدەتوانی ڕووبەڕووی هێزی سەربازیی ئەوروپییەکان ببێتەوە وەك شکستی عوسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و لە دەستدانی ئەو ناوچەیە بۆ

ڕووسیا. ئەم شکستەی عوسمانییەکان بەرانبەر ڕووسیا بووە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا و ئینگلیز و فەڕەنسا یارمەتیی دەوڵەتی عوسمانییان بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی چاوتێبڕینی ڕووسیای قەیسەری ئەمەش لە بنەڕەتدا لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیان بوو و بووە هۆکارێك بگەنە کوردستان و دواجار لە ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ_١٩١٦_ ئەو بەشەی کوردستان، کە بە عێراقەوە لێکێنراوە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز.

٢_ **هۆکاری ئابووری**: دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هۆی ئەوەی خاوەنی سامانی سروشتیی جۆراوجۆراون بوونە جێگەی چاوتێبڕینی وڵاتە ئەوروپییە داگیرکەرەکان بۆ دابینکردنی کەرەستەی خاو و سەرچاوەی وزەی هەرزان بۆ بەگەرخستنی پیشەسازییەکانیان و دۆزینەوەی بازارێك بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ئەم هۆکارە ئابوورییە پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ پەلکێشکردنی وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ ئەم ناوچەیە و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان و یەکێك لەو شوێنانەش کوردستان بوو.

٣_ **هۆکاری ئایینی**: موژدەدەرە مەسیحییەکان لە نێوان سەدەکانی ١٢ و ١٣ دەیانویست ئایینی مەسیحی بەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بکەنەوە و ڕۆڵی گەورەیان لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییەی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و کوردستاندا هەبووە. مەبەست لە هاتنی قەشە و موژدەرە مەسیحییەکان بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بوو لە نێو هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا و لەو چوارچێوەیەشدا لە ناوچە کوردییەکانی سەر بە دوو وڵاتەدا و هاندەرێکی کاریگەر بوو بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان زیاتر بێنە کوردستان. ئەم موژدەدەرانە لە پاڵ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی ڕۆڵیان لە لێکۆڵینەوە لەبارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کوردەوە هەبووە. بۆ نموونە قەشە (ماوریسیۆ گارزۆنی) بۆ ماوەی ١٨ ساڵ لە ئامێدی ماوەتەوە و کتێبێکی بەناوی (ڕێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی) نووسیوە و لە ١٧٨٧ لە ڕۆما بڵاو کراوەتەوە. لەو قەشانەی لە بواری کوردناسیدا کاریان کردووە قەشەی فەڕەنسی (تۆما بوا)یە و هاتووەتە موسڵ و چاوی بە کورد کەوتووە و فێری زمانی کوردیش بووە و لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆڵی لە دەرکردنی ڕۆژنامە و

کوردییەکانی وەك: (هاوار، ڕۆناهی، ڕۆژا نوو) دا هەبووە و بابەتی لەسەر کورد تێیاندا بڵاو کردووەتەوە. هەروەها هەوڵی داوە ئینجیل وەربگرێنە سەر زمانی کوردی. لە گرنگترین بەرهەمەکانی کتێبی (سەرنجێ لە ئەدەبی کوردی)یە.

٤_ **سەردانی تاکە کەسیی گەڕیدە ئەوروپییەکان بۆ کوردستان:** هەندێك لەو گەڕۆکانەی هاتوونەتە کوردستان، وەك گەشتێکی تاکە کەسی و ویستێکی کەسی هاتوونەتە ناوچەکە و لەو ماوەی لە کوردستاندا بوونە سەرنج و لێکدانەوەکانی خۆیان سەبارەت بە کورد و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان نووسیوە و بووەتە بابەتێکی نووسین بەناوی گەشتنامە. هەروەها بازرگان و هونەرمەند و نیگارکێش و شاعیر هاتوونەتە کوردستان و لە بەرهەمەکانیاندا تێڕوانیان خۆیان لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تاکی کورد تۆمار کردووە و بوونەتە سەرچاوەی گرنگ بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان. لە نموونەی ئەو گەشتنامانە وەك (گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان)ی کلۆدیۆس جمیس ڕیچ لە ١٨٢٠ بۆ سلێمانی و (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)ی ئەولیا چەلەبی.

## گرنگیی کوردۆلۆجی

کوردۆلۆجی وەك بابەتێك، کە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان دەخوێندرێت چەندان گرنگی بۆ قوتابی هەیە، دەکرێت چەند گرنگییەکی ئەم بابەتە لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١_ ئەم بابەتە جگە لەوەی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ئاشناکردنی مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و کەلەپوور و کولتوور و دابونەریتی کورد بە تاکەکانی کورد و بە تایبەتی نەوەی تازە. هەروەها هەوڵدان بۆ ناساندنی میللەتەکەمان بە میللەتانی دیکە و بەدەرخستنی وەك میللەتێکی خاوەن ڕەسەنایەتی و مێژوو و ژیار و شارستانی.

٢_ ئەم بابەتە دەكرێت بكرێتە بنەمایەك بۆ بنیاتنانەوەی ئینتیما و زیادكردنی هەستی نیشتمانپەروەری و شانازیكردنی تاكی كورد و بەتایبەتی قوتابیی زانكۆ و پەیمانگە بە سەروەرییەكانی مێژوو و ئێستای نەتەوەكەمان.

٣_ هێنانەوە یاد و باسكردنی كەسایەتییە دیارەكانی كورد و بەرز نرخاندنی هەوڵ و كۆششەكانیان لەو بوارانەی تێیاندا كارا و توانادار بوون.

٤_ گرنگیدان بە باسكردنی یاد و بۆنە نەتەوەییەكان و ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە مێژووی كورددا گرنگیی زۆریان هەیە و جۆرێك لە وەرچەرخان و بارگۆڕان (تحول)یان هێناوەتە ئاراوە.

٥_ڕاستكردنەوەی ئەو بۆچوون و تێڕوانینە ناڕاستی و نازانستییانەی لەبارەی لایەنە جۆربەجۆرەكانی كوردەوە خراونەتە ڕوو و دەرخستنی ئەو ڕاستییانەی لەبارەی كوردەوەن.

٦_ ئاماژەدان بە بەشێك لە كار و بەرهەمی كوردناسەكان و تیشك خستنە سەر ڕۆڵیان لە هاتنە ئاراوە و پێشخستن و بەرەوپێشبردنی كوردۆلۆجی.

**لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی كاری كوردناسەكان**

ئەو كار و بەرهەمانەی كوردناسەكان لە بواری كوردناسی ئەنجامیان داوە كۆمەڵێك لایەنی باشی تێدا ڕەنگی داوەتەوە و لایەنی نەرێنیشی هەبووە.

**لایەنی ئەرێنی:**

١_ كار و بەرهەمەكانی كوردناسەكان بوونەتە هۆكارێكی گرنگ بۆ ناساندنی لایەنە جۆربەجۆرەكانی تایبەت كورد، تا ئێمە لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەوە وەك نەتەوە خۆمان باشتر بناسین و میللەتانی دیكە و نەوە و ڕۆڵەكانی میللەتەكەمان وەك پێویست بە خۆمان ئاشنا بكەین.

٢_ بەرهەمی ئەو کوردناسانە بوونەتە پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەك لە بواری لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کورد. بۆیە دەبینین بەشێك لە کتێب و لێکۆڵینەوەی ئەو کوردناسانە بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتر و لێکۆڵەران بۆ لێکۆڵینەوەکانیان پشتیان پێ بەستوون.

٣_ بەشێك لە کوردناسەکان دەستێکی باڵایان لە کۆکردنەوەی و ناردنەوەی دەستنووس و بەڵگەنامەی تایبەت بە کورد بۆ وڵاتانی خۆیان هەبووە و پاشان لە ئەرشیفخانە و کتێبخانەکانی خۆیان پارێزراون تا لە سەردەمی دواتر لێیان بکۆڵدرێتەوە. لەم لایەنەوە لە ئەرشیفخانەی وڵاتی ڕووسیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و...هتد دەستنووس و بەڵگەنامەی تایبەت بە کورد ئەرشیف کراون. پاراستنیان لەو وڵاتانە گرنگیی خۆی هەبووە و ڕۆڵیان لە مانەوەیاندا هەبووە. ئەگەر لە وڵاتی خۆمان بووایە بە هۆکاری نەبوونی سەقامگیری و ئارامی لە کۆندا و نەبوونی هۆشیاریی ئەرشیفی، ئەوا ئەگەری فەوتان و لەناوچوونی زۆر دەبوو.

٤_ بەشێك لە کوردناسەکان بە شێوەیەکی زانستی خەریکی توێژینەوە بوونە لەبارەی کوردەوە، ئەمەش وای کردووە توێژینەوەکانیان دووربێت لە لایەنداری و بڕیاری پێشوەخت. بۆ نموونە کوردناسی ڕووسی میخائیل لازاریف تێزی دکتۆراکەی بەناوی (کوردستان و مەسەلەی کورد ١٨٩٠_١٩١٧) لە ڕووسیا لەبارەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردەوە نووسیوە. بەرهەمێکی زانستی و ئەکادیمیی لەو ئاستە و لەبارەی بابەتێکی وەك مێژوو، ئەوە لەسەر توێژەر پێویست دەکات بە گیانێکی زانستیی دوور لە لایەنگیری بەدوای ڕاستییە مێژووییەکان بکەوێت و ناوەڕۆك و ئەنجامی توێژینەوەکەی بە ئەکادیمییانە بخاتە ڕوو.

٥_ لە ڕێگەی بەشێك لە توێژینەوەی کوردناسەکان لەبارەی کوردەوە، لایەنێك لە تێڕوانین و بۆچوونی تاکی ئەوروپی و وڵاتانی ڕۆژئاوامان لەبارەی کوردەوە بۆ دەردەکەوێت و کە چۆن لە کورد و پرسەکانی تایبەت بە کوردیان ڕوانیوە.

**لایەنی نەرێنی:**

١_ بەشێك لەو نووسەر و مێژوونووسانەی لەبارەی کوردەوە نووسیویانە بەشێوەیەکی ناشایان بە کۆی نەتەوەی کورد و بە جۆرێکی نارێك باسی کوردیان کردووە، لەوانە: الأصطخري، اليعقوبي، المسعودي، ابن كثير، الزمخشري ...هتد کوردیان بە نەتەوەیەکی خوو و ڕەوشت توند ناساندووە. یاقوت الحموي لە کتێبی (معجم البلدان) دەڵێت: کوردەکانی ناوچەی شارەزوور ڕێبوار دەشارنەوە و ماڵ و پارەکانیان لێ دەبەن و سڵ لە دیلکردن و کوشتنیان ناکەنەوە. ئەم تێڕوانینە نەرێنییانە بەشێکی بۆ بڕیاری پێشوەختی ئەو کوردناس و توێژەرانە دەگەڕێتەوە و گشتاندن و زیادەڕۆیی لە بۆچوونەکانیاندا دەبینرێت.

٢_ هەندێك لە کوردناسەکان لەگەڵ ئەوەی لە لایەنی کوردناسی کاریان کردووە و جێدەستیان دیارە، بەڵام بابەتەکەیان کردووەتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان و هەوڵیان داوە توێژینەوە لە کورد بکەنە ڕووکارێك بۆ کارکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

٣_ هەندێك لە کوردناسەکان لە هەندێك بۆچووندا ڕاستییان نەپێکاوە و زانیاریی هەڵە و نازانستیان بڵاو کردووە. بۆ نموونە کوردناسی ئەڵمانی (ئۆسکار مان) شێوەزاری زازایی_ زازاکی بە شێوەزارێکی زمانی کوردی دانانێت، لەمەدا ڕاستی نەپێکاوە، چونکە شێوەزاری زازایی_ زازاکی شێوەیەکی زمانی کوردییە و زازاکان کوردن.

**هەندێك لە كوردناسەكان**

لێرەدا بە كورتی تیشك دەخەینەر سەر ناوی هەندێك لە كوردناسەكان و ئاماژە بە ناوی هەندێك لە بەرهەم و كتێبەكانیان دەدەین، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە كوردەوە هەیە:

١_ **میخائیل لازاریڤ:** كوردناسێكی ڕووسییە و دكتۆرای لەبارەی كوردەوە نووسیوە و ئەندامی بەشی كوردیی پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی بووە و زیاتر لە لایەنی مێژووی كوردەوە كاری كردووە و پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ كورددا هەبووە. كۆمەڵێك كتێبی لەبارەی كوردەوە نووسیوە، لەوانە: پۆلینبەندیی قۆناغەكانی مێژووی كورد، چەمكەكانی مێژووی كورد، شۆڕشەكانی كورد لە سەردەمی نوێدا، مێژووی كوردستان، ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نزیك، ناكۆكییە ناوخۆییەكانی كورد، كێشەی كورد...هتد.

٢_ **ڤلادیمێر مینۆرسكی:** كوردناسێكی ڕووسییە و دوای تەواوكردنی زانكۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەكانی وەك: فارسی و توركی و عەرەبی دەخوێنێت. ئەو ماوەیەی لە ئێران ڕاوێژكاری باڵوێزخانەی ڕووسیا بووە، سەردانی ناوچە جیاجیاكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی كردووە. توانیویەتی كتێبی (سەرئەنجام)ی ئەهلی هەق بۆ سەر زمانی ڕووسی وەربگێڕێت. كۆمەڵێك بەرهەمی زۆری لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسی لەدوای خۆی جێهێشتووە، كە هەندێكیان لەبارەی كوردەوەیە، لەوانە: بنچینەكانی كورد و چەند وتارێكی كوردناسی، ئەهلی هەق، مینۆرسكی و كورد...هتد.

٣_ **ئەلیكسەندەر خۆدزكۆ**: لە بنەچەدا دیپلۆماتێكی پۆڵەندییە و دوای ڕوخانی میرنشینی بابان لەگەل ئەحمەد پاشای بابان كتێبێكیان لەبارەی زمانی كوردییەوە بە ناوی (چەند لێكۆڵینەوەیەكی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی كوردی _دیالێكتی سلێمانی) نووسیوە.

٤_ **ئەلیكسەندەر ژابا**: كوردناسێكی ڕووسە (لە بنەچەدا پۆڵەندییە) و بە فەڕەنسی لێكۆڵینەوەی كردووە. كۆمەڵێك دەستنووسی كوردی كۆ كردووەتەوە و چەند

لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی نووسیوە و هاوڕێی مەلا مەحموودی بایەزیدی بووە. لە چەند لایەنێکەوە ڕۆڵی هەبووە:

أ_ خەریکی کۆکردنەوەی دەستنووسی کوردی و بە تایبەتی دەستنووسەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی بووە.

ب_ پەخشانی کوردی بۆ فەڕەنسی وەرگێڕاوە.

پ_ فەرهەنگی کوردی_ فەڕەنسی داناوە.

ت_ هانی مەلا مەحموودی بایەزیدی داوە بۆ نووسین

لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی: مەم و زین، لەیلا و مەجنوون، ڕیسالەی حەکایەتان، عادات و ڕسووماتنامەی تەوائیفی ئەکردایە...هتد.

٥_ **مارگرێت ڕۆدینکۆ**: خانمە کوردناسێکی ڕووسییە و دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە و بەرهەمەکانی دەکرێت بە سێ بەشەوە:

أ_ ئەدەبی کلاسیکی کوردی، وەرگێڕان بۆ ڕووسی

ب_ کۆکردنەوە و توێژینەوەی فۆلکلۆر و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی

پ_ زیندووکردنەوە و بلاْوکردنەوەی کۆمەڵە دەستنووسێکی کوردی

لە بەرهەمە ساغکراوەکانی ناوبراو: شێخی سەنعان، لەیلا و یوسف و زولەیخا...هتد

٦_ **باسیلی نیکیتین**: ڕۆژهەلاْتناسێکی بە بنچە پۆڵەندییە و فێری زمانی کوردی بووە و ماوەیەکی زۆر خەریکی لێکۆڵینەوە بووە لە کورد و بە چەند زمانێکی جیاواز لەبارەی کوردەوە نووسیویەتی، چەند بەرهەمێکی هەیە، لەوانە:

کورد_لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی، فەرهەنگی سەربازیی کوردی_ ڕووسی، چەند تێبینییەك لەبارەی کوردەکانەوە، والییەکانی ئەردەلان، ژیانی ناو ماڵی کورد، کورد و مەسیحایەتی...هتد.

# زمانی کوردی

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکانی تایبەت بە زمانی کوردییەوە، وەك پێشەکییەك بۆ ئاشنابوون بە چییەتیی زمان و چۆنیەتیی کارکردن زمان، وا پێویست دەکات بە گشتی پێناسەی زمان بکەین و چۆنیەتیی پرۆسەی لەیەکتر تێگەیشتن و کارکردنی زمان ڕوون بکەینەوە و ئەم دوو لایەنەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارەیە، ئەویش بریتییە لەوەی زمان چییە؟ و زمان چۆن کار دەکات؟ زانستی زمانیش هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی ئەو دوو پرسیارەوە زمان شی بکاتەوە. ئەگەر سەیری بابەتە زمانەوانییەکان بکەین دەبینین لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی لقە جیاوازەکانی زمانییەوانەوە پێناسەی زۆر بۆ زمان کراوە. لێرەدا پێناسەیەکی گشتگیر بۆ زمان دەخەینە ڕوو، ئەویش بریتییە لەوەی زمان: **بریتییە لە هۆکارێك بۆ لەیەکترگەیشتنی نێوان تاکەکانی سەر بە یەك زمان.** ئەم پێناسەیە چەند لایەنێکی گرنگی زمانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لەوەی جگە لە زمان هۆکاری دیکەی لەیەکترگەیشتنمان هەیە، بەڵام زمان هۆکاری سەرەکیی لەیەکتر تێگەیشتنە و بۆ ئەوەی لەیەکتر تێگەیشتن بێتە کایەوە پێویستە ئەو تاکانە سەر بە یەك زمانی دیاریکراو بن.

لەمەوە چۆنییەتیی کارکردن و پرۆسەی لەیەکتر تێگەیشتن پێویستیی بە چەند بنەمایەك هەیە، ئەوانیش:

١_ قسەکەر_ نێرەر

٢_ گوێگر_ وەرگر

٣_ ناوەند، کە بۆ گواستنەوەی پەیامە، ئەمەش دەبێتە دوو جۆر: ڕاستەوخۆ، کە هیچ بەربەست و ڕێگرێك لە نێوان قسەکەر و گوێگر نەبێت، ناوەندی ناڕاستەوخۆش لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە دەبێت.

سەبارەت بە پەیدابوونی زمان کۆمەڵێك گریمانەمان هەیە، لەوانە: گریمانەی دەنگە سروشتییەکان، گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ، گریمانەی پەیوەندی، گریمانەی

بزاوتن، گریمانەی ئایینی...هتد. هەر یەك لەم گریمانانە تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە پەیدابوونی زمان خستووەتە ڕوو. گرنگترین گریمانە گریمانەی ئاینییە، کە پێی وایە زمان بەخششێکی خوداییە و بە مرۆڤ دراوە و لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەك قورئان باس کراوە و مرۆڤ ناتوانێت زمان بهێنێتە کایەوە و هەرچەندە چەندان هەوڵ بۆ داهێنانی زمان دراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە وەك پێویست سەرکەوتوو نەبوون و ئەو زمانانەش، کە لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەوە هاتوونەتە کایەوە نەیانتوانیوە لە سنوورێکی بەرفراوان بەکاربێن و برەو و بەردەوامیان هەبێت.

## هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی

زمانی کوردی وەك زمانێکی زیندووی بەکارهاتوو لە لایەن قسەپێکەرانی کوردەوە کۆمەڵێك خاسیەت و خەسڵەتی هەیە، بە جۆرێك لەگەڵ زمانە زیندووەکان هاوبەشی هەیە و هەندێك تایبەتمەندیی هەیە، کە تایبەتە بە خودی زمانەکە:

١_ **وەك یەکی لە ڕووی خوێندنەوە و نووسینەوە:** یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر وشەکان چۆن دەردەبڕێن بەو جۆرەش دەنووسرێن، یان چۆن دەینووسین بەو شێوەیە دەیخوێنینەوە. ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە ئاسانکاری لە زمانەکەدا هێناوەتە کایەوە، بە پێچەوانەی هەندێك زمانی دیکە، کە دەبێت ئەو کەسەی بەو زمانە دەنووسێت ئاگاداریی ڕێنووسی وشەکە بێت و ڕێنووسی وشەکەی لەبەر بێت و لە نووسیندا هەڵە نەکات، ئەگینا زمانەکە قبووڵی ناکات. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو کەسەی وشە بەو زمانە دەنووسێت، پێویستە ڕێنووسی وشەکەی لەبەر بێت. یاخود زمانێکی وەك عەرەبی لەبەر ئەوەی پشت بە حەرەکاتی (فتحة، ضمة، کسرة) دەبەستێت لە خوێندنەوەدا، لە ئاستی بەرزدا ئەو حەرەکانە نانووسرێن، بۆیە دەبێت ئەو کەسەی وشەکان دەخوێنێتەوە و دەنووسێت ئاگاداری سیاقی وشەکە بێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (علم) بێ هیچ حەرەکەیەك دەکرێت بە چەند شێوەیەك بخوێنرێتەوە و هەر خوێندنەوەیەك مانای خۆی هەیە. هەروەها لە زمانی فارسیشدا هەندێك دەنگ لە هەندێك وشەدا ناخوێنرێتەوە وەك (خواهر، خواستن...)، کە دەنگی (و)

لەو وشانە ناخوێنرێتەوە هەرچەندە دەشنووسرێت. بۆیە بە سەرنجدان لە زمانی کوردی و بە بەراوردکردنی بە هەندێك زمانی دیکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە زمانی کوردی لە نووسین و دەربڕین تا ڕادەیەکی زۆر وەك یەکە.

٢_ **وەرگێڕان**: زمانی کوردی وەك هەموو زمانانی زیندووی جیهان توانای ئەوەی دەقی پێ وەربگێڕدرێت و دەقی لێوە وەربگێڕدرێت. لەم چەند ساڵەی دواییدا دیاردەی وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی ئێگجار زۆر بووە و بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت، بەڵام وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانانی دیکە لە ئاستێکی لاوازدایە و لە چوارچێوەی هەوڵی تاکە کەسیدایە. لە بواری وەرگێڕاندا تا ئاستێك هەست بەوە دەکرێت زمانەکە وشە و زاراوەی زانستیی پێویستی نییە. ئەم بۆچوونەش تا ڕادەیەك لە جێی خۆیەتی، چونکە لە لایەك ئەو زاراوانە زاراوەی زانستین و لە زۆربەی هەرە زمانەکاندا هەر هەمان زاراوەی جیهانی بەکاردێن و دواتریش ئەم زاراوانە مۆرکێکی جیهانیان وەرگرتووە و سیمای زمانێکی دیاریکراویان پێوە دیار نییە. زمانانی ئەم ناوچەیە و زمانی کوردیش بەتایبەتی لە ڕووی زاراوەی زانستییەوە تا ئاستێك هەژارە هەرچەندە پێشتریش چەندان هەوڵ لەو بوارە داوە.

٣_ **زمانی کوردی زمانی زانستە**: تا ماوەیەکی زۆر ئەو هزرە باو بوو، کە زمانی کوردی زمانی نووسینی دەقە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکانە و زمانی زانست (زانستە پەتییەکان_ پڕاکتیکییەکان) نییە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ەوە هەوڵەکان بەو ئاراستەیە ڕۆیشتن زمانی کوردی بکرێتە زمانی زانست و کتێبەکانی بابەتە زانستییەکانی قوتابخانە بە کوردی بنووسرێت. بەڵام لە ئاستی خوێندنی باڵا و زانکۆ زمانی کوردی وەك پێویست نەیتوانیوە بۆ نووسینی بابەتە زانستییەکان سوودی لێ وەربگیرێت، ئەمەش لە لایەك پەیوەندیی بە سروشتی ئەو زانستانەوە هەیە، کە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا بە ئینگلیزییە و مەسەلەی زاراوەکانی نێو زانستانە وای کردووە پەنا ببرێتە بەر زمانی بێگانە.

**٤_ زمانی کوردی بۆ فێربوون ئاسانترە**: بەهۆی ئەوەی هەندێك تایبەتمەندی لە زمانی کوردی بە تایبەتی (زاری کرمانجی ناوەڕاست) دا هەیە وای کردووە فێربوونی ئەم زمانە بە بەراورد بە زمانانی دیکە ئاسانتر بێت، بە تایبەت ئەگەر بێتو پرۆگرامی تۆکمە هەبێت بۆ ئەوەی کەسانی بێگانەی پێ فێر بکرێت. لەو تایبەتمەندییانە:

أ_ نەبوونی ڕەگەزی نێر و مێ لە کرمانجی ناوەڕاستدا (جگە لە دۆخی بانگکردن)

ب_ نەبوونی (مثنی_ دووانە) وەك ئەوەی لە عەرەبیدا هەیە

ولد: ولدان، ولدین طالبة: طالبتان، طالبتین

پ_ وەك یەكی لە نووسین و خوێندنەوە

ت_ یەك جۆر ئامرازی کۆکردنەوەی ناوی هەیە، بۆ نموونە: کتێب+ان+ کتێبان. هەرچی زمانی دیکە هەیە زیاتر لە ئامرازێکیان بۆ کۆکردنەوەی ناو.

**٥_ ڕۆنانی ڕستەی کوردی**: پێکهاتن و ڕۆنانی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕاستەوە بۆ چەپە و ڕیزبوونی ئاسایی کەرەستەکانی زمان لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە ڕیز دەبن:

بکەر+بەرکار+کار (SOV)

لە عەرەبی: فعل+فاعل+م. بە (VSO)

ئینگلیزی: Subject+ Verb+ Object (SVO)

**٦_ لە ڕووی کەرەستەوە وەك زمانانی دیکە، زمانەکە دوو لایەنەیە**: کەرەستەکانی زمان بریتین لە: کراوە، داخراو. کراوە واتە ئەو کەرەستانەی لە زماندا ژمارەی دیاریکراو نییە و بێ سنوورە، وەك: ناو. هەروەها هەندێك کەرەستەی دیکەمان هەیە داخراو و سنووردارە وەك جێناوە کەسییە لکاو و سەربەخۆکان..

| | |
|---|---|
| من | ئێمە |
| تۆ | ئێوە |

ئەو ئەوان

٧_ **زمانی کوردی زیاتر لە ئەلفبێیەکی هەیە:** لە مێژووی زمانی کوردیدا زمانەکە چەند ئەلفبێی هەبووە. ئێستا زمانەکە دوو ئەلفبێی دیار و بەرچاوی هەیە بۆ نووسینی زمانەکە. ئەوانیش ئەلفبێی عەرەبیی دەستکاریکراو و ڕێنووسی لاتینییە.

ئەلفبێی عەرەبیی دەستکاریکراو لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی کوردییان پێ دەنووسرێت و لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان ئەلفبێی لاتینی بەکاردێت.

٨_ **گۆڕان لە زمانی کوردی هاتووە ئاراوە:** گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی سروشتییە و زۆربەی زمانەکان بە پێی گۆڕانی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و زیاتر بەرەو ئاسانبوون دەچێت. گۆڕان لە ڕێنووس و هاتنە ناوەوەی وشەی تازە و بەکارنەهاتنی وشەی کۆن و ئەو وشانەی پەیوەندییان بە سەردەمێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە هاتووەتە کایەوە. ئەگەر سەیری زمانی کوردی بکەین و بە ڕابردوو بەراوردی بکەین و تێبینی ئەوە دەکەین زمانەکە لە ڕووی ڕێنووس و بەکارهاتنی وشەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی ئێستا لە کاروباری ڕۆژانەدا بەکارنایەن، ئەو وشانەش پەیوەندییان بەو کەرەستانەوە هەیە لە زمانەکەدا بەکارنایەن یان کەم بەکاردێن.

٩_ **دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕۆڵی زمان دەبینن:** بە شێوەیەکی گشتی زمان دەبێتە چەند دیالێکت یان چەند زارێك. زارێکیش لەو زارانە دەبێتە ستاندارد و زارەکانی دیکە وەك زارێکی ئاسایی لە زمانەکەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە لای کەمەوە زارەکانی کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەڕاست ڕۆڵی خودی زمانی کوردی دەبینن و هەردووکیان بوونەتە زمانی ئەدەبی و زمانی نووسینی دەقە ئەدەبییەکان و زمانی کاروباری ڕەسمی، ئەمەش تایبەتمەندییەکی زمانی کوردییە. لە زمانەکانی دیکە، زارێك دەبێتە ستاندارد و زارەکانی دیکە وەك زار دەمێننەوە.

## ڕەچەڵەك و مێژووی زمانی کوردی

ئەم زمانە کوردییەی ئەمڕۆ ئاخێوەرانی کورد قسەی پێ دەکەن دیرۆکێکی کۆنی هەیە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە ئەم شێوەیەی ئەم سەردەمە. سەبارەت بە ڕیشەی زمانەکە هەندێك بۆچوونی ناڕاست و نازانستی دەربڕاوە وەك ئەوەی گوایە زمانی کوردی زارێکە لە زمانی فارسی. ئەم جۆرە بۆچوونانە بەشێکی بە مەبەستی سیاسی بووە تا کورد و زمانەکەی بە پاشکۆی نەتەوە و زمانی دیکە بزانن و بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خاوەنانی ئەو بۆچوونە بە زانستی لە زمانەکەیان نەکۆڵیوەتەوە.

زمانی کوردی بەشێکە لە خێزانە زمانی هیندۆئێرانی و هیندۆئێرانیش بەشێکە لە خێزانە زمانی هیندۆئەوروپی و زمانی هیندۆئەورۆپیش یەکێکە لە گەورەترین خێزانە زمانییەکانی جیهان. کەواتە زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئێرانییە. زمانی هیندۆئێرانی زمانی ئەو هۆزانە بووە، کە لە شوێنێکدا نیشتەجێ بوونە، ئەو شوێنە پێی گوتراوە (ئاریانا) یان (ئاریان). لەبارەی چەمکی (هیندۆئێرانی)یەوە ئەوا مەبەست لەو هۆزانەیە، کە لەناوچەی ئاریان پێکەوە نیشتەجێ بوونە و بەشێکیان بەرەو هیند و بەشێکی دیکە بەرەو ئێران کۆچیان کردووە. بەم کۆچکردنە خێزانە زمانییەکە بووەتە دوو لقی سەرەکییەوە، لقی زمانە هیندییەکان، کە کۆنترین بەڵگەی نووسراویان کتێبی (ڤیدا)یە و بە زمانی سانسکریتی نووسراوە، زمانەکانی وەك: هیندیی نوێ، بەنگالی، ئۆردو...هتد لێ بووەتەوە. هەرچی لقەکەی دیکەیە ئەوە دەبێتە لقی زمانە ئارییەکان و زمانەکانی: کوردی، فارسیی نوێ، پەشتوو، بەلووجی، تاجیکی...هتد لێ کەوتووەتەوە.

هۆزە ئارییەکان و قسەپێکەرانی زمانە ئارییەکان بەشێکیان بەرەو باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەڕۆن و لە دەوروبەری دەریاچەی (ورمێ) دەگیرسێنەوە و ئەمانە بە مادەکان_ میدییەکان ناو دەبرێن و باپیرەی گەورەی کوردەکانن. بەشەکەی دیکەی ئەو هۆزانە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەڕۆن و لە هەرێمی (پارسا_ فارسا) نیشتەجێ دەبن و ئەم هۆزانە بە پارسا ناو دەردەکەن و زمانەکەیان دەبێتە زمانی فارسی. لەمەوە زمانی کوردی و فارسی لە یەکتر دادەبڕێن و هەر یەکەیان لە ناوچەیەکی جوگرافیی تایبەت بە خۆیان

دەبن. ئاڤێستا دەبێتە کۆنترین نووسراوی زمانی کوردی و نووسراوەکانی داریوش لەسەر کێلی گۆڕ و قەڵاکان دەبێتە کۆنترین نووسراوی زمانی فارسی و ئەمەش ٢٥٠ ساڵ دوای ئاڤێستا نووسراون.

لێرەوە زمانی کوردی لە شێوەی زمانێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و تا دەگاتە ئەم شێوەیەی ئێستا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و بەپێی ئەو قۆناغانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە:

١_**قۆناغی زمانی کوردیی کۆن:** ئەم قۆناغەی زمانی کوردی سەردەمی دەوڵەتی میدی یان مادەکان دەگرێتەوە تا ڕوخانی دەوڵەتەکە لە لایەن هاخامەنشینە فارسەکان و سووتاندنی ئاڤێستا. ئەو زمانەی لەو سەردەمەی بەکارهاتووە زمانی ئاڤێستا بووە و دوای ڕوخانی میدییەکانیش ئەم زمانە بەتەواوی لەناونەچووە و وەك زمانی ئاینی بەکارهاتووە لە ٥٥٠ پ. میلاد تا ٣٠٠ پ. میلاد.

٢_ **قۆناغی زمانیی ناوەندی:** ئەم قۆناغە لە ٣٠٠ پ. میلادەوە دەست پێدەکات و ئەم سەردەمە سەردەمی ئەشکانییەکان و پاشان ساسانییەکان دەگرێتەوە. لەم سەردەمەدا ئاڤێستا لە لایەن ساسانییەکان و بە فەرمانی (ئەردەشێر)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی بە ڕێنووسی پەهلەوی دەنووسرێتەوە. زمانی کوردی لەم قۆناغەدا زمانی ئاخاوتن بووە و زمانی نووسین نەبووە، ئەم قۆناغە تا هاتنی ئاینی ئیسلام واتە سەدەی ٧ی میلادی دەگرێتەوە.

٣_ **قۆناغی زمانیی شێوەزار:** دوای ڕوخانی ساسانییەکان و هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، دوو سەدە، واتە سەدەکانی ٧ و ٨ زمانی کوردی و زمانی فارسی و زمانانی دیکە تووشی سستی و بەکارنەهێنان لە نووسیندا دەبنەوە. ئەم دوو سەدەیە بە (دوو سەدە بێدەنگی) ناسراوە و زمانی عەرەبی لە نووسیندا باڵادەست بووە. لە دوای سەدەی ٩ەوە بەهۆی زیندووبوونەوەی گیانی نەتەوایەتی. میللەتانی ناوچەکە وردە وردە گەڕاونەتەوە سەر زمانی نەتەوایەتیی خۆیان و ئەدەبیان پێ نووسیوە و زمانی کوردی و فارسی برەویان سەندووە. لێرەوە شاعیرانی فارس (ڕوودەکی) و (فیردەوسی) دەردەکەون. لە ئەدەبی کوردیدا (بابە تاهیر) دەردەکەوێت و چوارینەکانی بە شێوەزاری لوڕی دەنووسێت.

لەم قۆناغەدا زمانی کوردی دەستبەرداری ڕێنووسی پەهلەوی دەبێت و ئەلفوبێی عەرەبی بۆ زمانەکە بەکاردێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی میرنشینە کوردییەکان، چ ئەوانەی لە سەردەمی عەباسییەکان و چ ئەوانەشی دواتر سەریان هەڵدا گرنگیان بە شێوەزار داوە و شێوەزارەکان بوونەتە زمانی ئەدەبیی میرنشینەکان، وەك گرنگیدان بە شێوەزاری هەورامی لە لایەن میرنشینی ئەردەلان و بایەخدان بە شێوەزاری سۆرانی لە لایەن میرنشینی بابانەوە. بە ڕوخانی هەر کام لەو میرنشینانە زمانە ئەدەبییەکە بەرەو لاوازی چووە. ئەم قۆناغە تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩ دەگرێتەوە.

٤_**قۆناغی نوێی زمانی کوردی:** ئەم قۆناغە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ەوە دەست پێدەکات، بە دیاریکراوی لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ١٨٩٨/٤/٢٢، کە لەو ڕێکەوتەوە زمانی کوردی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و دەبێتە زمانی نووسینی ڕۆژنامە و زمانەکە بەرەو پووختەبوون و پەتیبوون دەچێت و زمانەکە بەرەو نوێبوونەوە دەچێت و زمانەکە دەبێتە زمانی نووسینی بابەتی بوارە جۆراوجۆرەکان. لەم قۆناغەدا کۆمەڵە و حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە ڕۆڵیان هەبووە لەوەی زمانی کوردی لە ڕۆژنامەگەری بەکاربهێنن.

## زارەکانی زمانی کوردی

بە گشتی زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە، کە لە زارەکاندا هەیە، بەڵام زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت، کە لە ئاخاوتنی کۆمەڵە قسەکەرێکی زمانەکە لەگەڵ کۆمەڵێکی قسەکەری هەمان زماندا هەیە. کەواتە پەیوەندیی نێوان زار و زمان پەیوەندیی نێوان بەش لە گشتە، واتە زار بەشێکە لە کۆی گشتی زمانەکە.

هەبوونی زار لە هەر زمانێکدا دیاردەیەکی ئاساییە و زمانی کوردیش بەهۆکاری جیاجیا چەند زارێکی هەیە. سەبارەت بە دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی بیروڕای جیاواز هەیە و چەندان دابەشکردنی جیا بۆ زارەکانی زمانی کوردی کراوە، لەوانە شەرەفخانی بەتلیسی لە کتێبی (شەرەفنامە)، محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خولاسەی تاریخی

کوردستان)، شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ)، زوبێر بیلال لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی)...هتد. جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی) بەم جۆرە زار و شێوەزارەکانی دابەش کردووە، کە ئەمەیان پەسەندترە لەوانی دیکە:


أ_ **زاری کرمانجیی ژووروو**: بریتییە شێوەزارەکانی (بۆتانی، جزیری، هەکاری، بادینانی، ئاشتەیی، بایەزیدی)

ب_ **کرمانجیی ناوەڕاست**: بریتییە لە شێوەزارەکانی (سلێمانی، سنەیی، گەرمیانی، کەرکووکی، هەولێری، موکری، پشدەری...)

پ_ **کرمانجیی خواروو**: بریتییە لە شێوەزارەکانی (فەیلی، کرماشانی لەکی، کەڵهوری، خانەقینی، لوڕی)

ت_ **گۆران**: بریتییە لە شێوەزارەکانی: (هەورامی، زازایی...).

ئەگەر سەیری دابەشکردنەکەی د. فوئاد حەمە خورشید بکەین لە کتێبی (زمانی کوردی و دیالێکتەکانی_ توێژینەوەیەکی جوگرافی) دەبینین جۆرێك لە نزیکایەتی لەگەڵ دابەشکردنی پێشوو هەیە بۆیە ئەوەش دەخەینە ڕوو:




تورکیا
گۆران
زازا
کرمانجیی باکوور
کرمانجیی ناوەڕاست
گۆران
کرمانجیی باشوور
ئێران
سووریا
عێراق
دابەشبوونی جوگرافیی
دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی
1: 7 000 000

## زمانی ستانداری کوردی

زمانی ستاندارد بریتییە لەو شێوە زمانەی، کە لە دامودەزگا حکومییەکان و پەروەردە و خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکاردێت. ئەم شێوە زمانە لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە جیاوازە و بە زۆری شێوەیەکی داڕێژراوی زمانەکەیە و زارێکی زمانەکە دەبێتە بناغە بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد و سوود لە زارەکانی دیکە زمانەکە وەردەگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانە ستانداردەکە. چەند هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی زمانی ستاندارد هەیە:

١_ **بە هۆی پەیدابوونی حیزبێکی سیاسی** لەناو نەتەوەیەکدا لە ناوچەیەکی وڵات، پەرەسەندنی بیروباوەڕی ئەو حیزبە و بەکارهێنانی شێوەی ئەو ناوچەیە بۆ نووسین و لە ئەنجامدا دەبێت بە بنچینە بۆ زمانە ستانداردەکە، بۆ نموونە لە فەڕەنسا زاری پاریس بە هۆی ئەو هۆکارەوە بوو بە زمانی ستاندارد.

٢_ **بە هۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕێکی ئاینی یان کتێبێکی ئاینی** لە ناوچەیەکدا و لە ئەنجامی برەوی ئەو ئاینە و کتێبە پیرۆزەکەی، دەبێتە بناغە بۆ زمانە ستانداردەکە، وەك هاتنە خوارەوەی قورئان بە دیالێکتی (قوڕەیش) و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بووە هۆی دیالێکتی قوڕەیشییەکان ببێتە زمانی قورئان و دواتریش ببێتە زمانی ستاندارد.

٣_ **بە هۆی هاتنە کایەی ئەدەبێکی بەرز** و بڵاوبوونەوەی لە ناوچەیەکدا و لاساییکردنەوەی لە نووسیندا تا وای لێ دێت دەبێتە زمانێکی ستاندارد.

بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندارد ٥ قۆناغ هەیە: هەڵبژاردن، بەسیستەمکردن، فراوانکردن، پەسەندکردن، پاراستن.

سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەوا بەرهەمە شیعرییەکانی مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و نووسینەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و نووسینەکانی دواتریش بە شێوەزاری بۆتانی بووە، نەك بادینانی. شێوەزاری بۆتانی لە سەردەمی میرنشینی بۆتان و لە باکووری کوردستان لە ماوەیەکی دیاریکراو و سنوورێکی تەسکدا بەکارهاتووە، بەڵام

شێوەزاری بادینانی تەنیا لە دوای ڕاپەڕین بەکارهاتووە. هەرچی زاری کرمانجی ناوەڕاستە (شێوەزاری سلێمانی)  ئەوا لە سەردەمی میرنشینی بابانەوە بناغەی دارێژراوە و هەموو قۆناغەکانی ستانداردی بڕیوە، تەنیا پێویستی بە بڕیاری سیاسی هەیە.

## فەرهەنگی زمانی کوردی

وشەکانی نێو زمانی کوردی چەند جۆرێکە:

١_ **کوردیی ڕەسەن:** زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و بەشێك لە وشەکانی زمانەکە وشەی ڕەسەنی زمانەکەن و تایبەتن بە زمانی کوردی، وەك وشەکانی: بەرد، ڕەش، دایك، خاك، ترێ...هتد.

٢_ **وشەی هیندۆئێرانی (ئاری):** زمانی کوردی زمانێکی ئارییە، بۆیە وشەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانە ئارییانەدا هەیە، وەك وشەکانی: با، گوڵ، ڕۆژنامە، شەو، دڵ، ئاو...هتد.

٣_ **هیندۆئەوروپی:** زمانێکی کوردی سەر بە خێزانە زمانی هیندۆئێرانییەکانە و خێزانی زمانی هیندۆئێرانی سەر بە بنەماڵەی هیندۆئەوروپییەکانە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا هەیە، وەك وشەکانی: دوو، نۆ، مانگ، ئەستێرە...هتد.

٤_ **زمانی عەرەبی:** دوای هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان و موسڵمانبوونی کورد، کۆمەڵێك وشە لە زمانی عەرەبییەوە هاتنە ناو زمانی کوردییەوە، بەتایبەتی ئەو وشانەی پەیوەندیی بە پەرستن و ئاینی ئیسلامەوە هەیە، وەك وشەکانی: حەج، عومرە، زەکات، مەزهەب، شەرع، تەڵاق...هتد. هەندێك وشە بەگۆڕانکارییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەك: (تام_ طعم)، (ئەنقەست_ عن قصد)، (تەمبێ_ تنبە)...هتد، هەروەها کۆمەڵێك وشەی دیکەش، کە زیاتر لە زمانی نووسین بەکاردێن و لە عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، لەوانە: ئەدەب، شیعر، سەلیقە، حیزب...هتد.

٥_ **توركی:** هەبوونی وشەی توركی لە زمانی كوردیدا بۆ سەردەمی حكومڕانیی عوسمانییەكان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە ناونانی شوێنەكاندا، لەوانە: قەرەداغ، قەرەتەپە، قوشتەپە، قشڵە، یاخسەمەر، قزلەر...هتد.

٦_ **وشەی جیهانی:** ئەو وشانە دەگرێتەوە، كە لە ئەنجامی پێشكەوتن و داهێنان هاتوونەتە كایەوە و سنووری زمانی خۆیان دەبەزێنن و بە هەمان واتا لە زمانانی دیكەش بەكاردێن، وەك: ڤایرۆس، ڤیتامین، بەكتریا، كۆنترۆڵ، كامێرا، مۆبایل، ڤیدیۆ، ڕۆبۆت، تەكنەلۆجیا...هتد.

# ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

وشەی فۆلکلۆرFolklore لە بنەڕەتەوە لە زمانی ئەڵمانییەوە هاتووە و بۆ یەکەم جار لە لایەن زانای ئینگلیزی (ولیام تۆمس) لەساڵی ١٨٤٦ وەك زاراوەیەکی زانستی بەکارهێنراوە و وشەکە لە دوو بەش پێکدێت: Folkبە واتای خەڵك یان گەل دێت و Loreیش واتای پەند، حیکمەت، زانست دەدات، هەردوو بەشی وشەکە پێکەوە دەبێتە پەندی خەڵك، زانستی گەل.

فۆلکلۆر بە گشتی بە هەموو سامانی دێرین و کەلەپووری کۆن دەوترێت، کە داهێنراو و بەرهەمی بیر و دەستی نەوەکانی پێشوو بوون و بۆ نەوەکانی دواتر ماونەتەوە لە نموونەی جلوبەرگ و کەلوپەلی ناو ماڵ و نەخش و نیگار و کەرەستە و ئامرازی کارکردن و ئیشوکاری ڕۆژانە و ...هتد بە فۆلکلۆر دادەنرێت. بەرهەم و سامان و کەرەستەی فۆلکلۆری بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوایەتیی هەر میللەتێك و ڕەسەنایەتیی میللەتەکە دەردەخات. فۆلکلۆر بۆ ٤ جۆر دابەش دەبێت:

١_ کەلەپووری دەستی: وەك جلوبەرگ و گڵێنەکاری و نەخش و نیگار...هتد.

٢_کەلەپووری سەرزاری: وەك پەند، مەتەڵ، شیعری فۆلکلۆری، گۆرانیی فۆلکلۆری، بەیت و داستان، نوکتە..هتد.

٣_کەلەپووری ڕۆشنبیری: ئاکار و بەها

٤_ سرووت: وەك ڕێوڕەسمی زەماوەند و پرسە...هتد.

کەلەپووری سەرزاری ئەدەبی فۆلکلۆری دەگرێتەوە، واتە ئەو بەرهەمە سەرزاری و زارەکییانەی، کە بەرهەمی بابوباپیرانە و دەماودەم و پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراونەتەوە و هێشتا تۆمار و چاپ نەکراون. دەشێت لەم گواستنەوەیە کەم و زیاد بە خۆیەوە ببینێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت و وشە و دەربڕینەکان بگۆڕێن هەرچەندە ناوەڕۆکەکەشی وەك خۆی بمێنێتەوە.

**کورد خاوەنی کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە بە هەموو جۆرەکانییەوە، لەو نێوانەشدا ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بایەخی زۆری پێ دراوەتەوە و پێگەیەکی بەرزی تاکی کورد هەبووە. ئەدەبی فۆلکلۆری بە زۆربەی زارەکانی زمانی کوردی هەیە و بەشێکی تۆمار و چاپ کراوە و توێژینەوەی لەبارەوە کراوە و لە فێستیڤاڵ و کۆنفرانسی بۆ ساز کراوە.**

**بەشێك لە کتێب و دانراوی کوردناسەکان بایەخدان و کۆکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بووە. ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنی (ئەبۆڤیان) لەو بارەوە دەڵێت: هەموو کوردێك تەنانەت پیرەمێردە نەخوێندەوارەکانیش گیانی شاعیرانە وا لە ناخی دەروونیاندا هەموویان لە گۆرانی گوتندا خاوەنی توانان. ئەمەش پێگە و بایەخدانی ئەدەبی فۆلکلۆری لای تاکی کورد دەردەخات.**

**بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی زۆرن لەوانە: ئەفسانە، داستانی فۆلکلۆری، حیکایەت، پەندی پێشینان (گۆتنا مەزنان)، قسەی نەستەق، مەتەڵ، نوکتە..هتد. لەناو بەشانەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری پەندی پێشینان پێگەیەکی بایەخداری لای خەڵك هەیە و زۆر جار تاکە کەس لە کاتی گفوگۆ و قسەکردندا بۆ بەهێزکردنی قسەکانی پەندی پێشینان لەناو قسەکانیدا بەکار دەهێنێت.**

**پەندی پێشینان بەزۆری لە شێوەی ڕستەیەکی پوخت و کورتی واتادارە و مانایەکی فراوان و قووڵی لە خۆ گرتووە. پەندی پێشینان لە ئەنجامی ئەزموون و دونیادیتەی تاکەکان هاتووەتە کایەوە و لەناو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە و تاکەکانی ناو کۆمەڵ لەگەڵ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لەگەڵ ناوەڕۆکی پەندەکان هاوشێوەن بەکاریاندەهێنن. سەرچاوە و ناوەڕۆکی پەندەکان جۆراوجۆر دەگرنەوە: ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی...هتد.**

**نموونەی هەندێك پەند:**

**مارانگاز لە خشەی مار و مێروو دەترسێ**

کە شیر وەشاند دەبێ قەڵغانت پێ بێ

تفەنگ بە تاریکییەوە مەنێ

نانخۆری سفرەدڕە

گوێز لە باری خۆی دەژمێرێ.

گرنگیی پەندی پێشینان وای کردووە پیرەمێرد شاعیر پەندی کوردی لە قاڵبی شیعردا دابڕژێتەوە. مەتەڵ یەکێکە لەو بەشانەی ئەدەبی فۆلکلۆری شاعیرانی وەك پیرەمێرد، بێکەس، گۆران...هتد لە فۆڕمی شیعر هۆندوویانەتەوە. داستانە فۆلکلۆرییەکان بەتایبەتی داستان و بەیتە دڵدارییەکان لە ئەدەبی کۆن و نوێدا بایەخی پێ دراوە، بەڵام لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا گرنگیی تایبەتی پێ دراوە و شاعیران لە شیعرەکانیاندا تەوزیفیان کردووە، لەوانە داستانەکانی (مەم و زین)، (شیرین و فەرهاد)، (محەمەد و سێوێ)، (برایمۆك) لای شاعیری وەك پەشێو، ئەنوەر قادر محەمەد، ڕەفیق سابیر، شێرکۆ بێکەس..هتد جێگەی بایەخ بووە، جگە لەوەی هەوڵ دراوە بەشێك لەو بەیتانە لە قاڵبی شانۆ و دراما دابڕژرێنەوە.

ئەدەبی فۆلکلۆری جگە لەوەی لە ئەدەبی نووسراودا تەوزیف کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لەو کۆڵەگانی ئەدەبی نووسراوی لەسەر دامەزراوە، لەبەر ئەوە (نیکتین) دەڵێت: ئەدەبی کوردیدا لە پلەی فۆلکلۆری کوردیدا، لەو فۆلکلۆرە هەر تەنیا پاشماوە و میرایەتی نەوەکانی پێشوو، بەڵکو ئەمڕۆش ئەمڕۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بەتوانایی لە ژیاندا.

ئەم تێروانینە بایەخی ئەدەبی فۆلکلۆری دەردەخات، کە شاعیر و نووسەران وەك سەرچاوەیەکی بەبایەخ سەیریان و بیرۆکەیان لێ وەرگرتووە و کردوویانەتە کەرەستەیەکی گرنگی داهێنانی دەقەکانیان.

# ئەدەبی نووسراوی کوردی

ئەدەب بە گشتی گوزارشتکردنە لە بیری پەسەند و بالاّ، بە هۆی وشە و دەبڕینی جوانەوە و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی گوێگر و خوێنەر دروست دەکات و خەیاڵ و وێناکردنیان لا بەرجەستە دەکات. ئەدەب بەشێکە لە هونەر و کەرەستەی دەربڕینی ئەم هونەرە بریتییە لە وشەی وشە و دەربڕینی بەرز و جوان. ئەدەب مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و تەنانەت کتێبە ئایینییەکانیش جۆرێك لە دەربڕینی ئەدەبی و وێنەی هونەریان لە خۆ گرتووە.

سەبارەت بە سەرەتاکانی پەیدابوونی ئەدەبی نووسراوی کوردی بۆچوونەکان جیاوازن، بەلاّم ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر چەسپاوە، ئەوەیە سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی بۆ دووبەیتییەکانی (بابە تاهیر)ی هەمەدانی دەگەڕێتەوە، واتە ئەدەبی نووسراوی کوردی بە شیعر دەست پێدەکات لە کۆتاییەکانی سەدەی ٩ و سەرەتاکانی سەدەی ١٠ی میلادی. لێرەوە ئەدەبی کوردی بە سەر ٤ قۆناغدا دابەش دەکەین، کە هەریەك لەو قۆناغانە خاسیەت و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

١_ **ئەدەبی کۆن:** ئەم قۆناغە لە دووبەیتییەکانی بابە تاهیرەوە دەست پێدەکات تا بیستەکانی سەدەی ٢٠. ئەم قۆناغە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا درێژترین قۆناغە و سەدە ١٠ دەگرێتەوە. کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، لەوانە:

أ_ لە ڕووی زمانی نووسینی شیعرەوە، لەم قۆناغەدا شیعر بە شێوەزارە کوردییەکان نووسراوە، لەوانە: بابە تاهیر بە لوڕی، جزیری و خانی و فەقێ تەیران بە بۆتانی، بێسارانی و مەولەوی بە هەورامی، نالی و سالم و کوردی و ...هتد بە شێوەزاری سلێمانی. هەروەها جگە لەوە زمانی شیعریی ئەم قۆناغە کاریگەریی زمانی عەرەبی و فارسی و کەمێك تورکی بەئاشکرا پێوە دیارە.

ب_ کێشی عەرووزی عەرەبی و سەروای یەکگرتوو لە شیعرەکاندا بەکارهاتووە (جگە لە شیعری هەورامی، کە کێشی بڕگەیی و سەروای مەسنەوی _جووت سەروا_ی

بەکارهێناوە). قاڵبە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە غەزەل، قەسیدە، پێنج خشتەکی، پێنجین، موستەزاد، مولەمەع...هتد و شاعیر پێیانەوە پابەند دەبوو.

پ_ لەبەر ئەوەی شاعیرانی ئەم قۆناغە دەرچووی خوێندنی ئایینی بوون و لەنێو کەشێکی ڕۆشنبیریی ئایینی پەروەردە بووبوون، بۆیە کاریگەریی ئایین (ئایینی ئیسلام) و قورئان بەڕوونی بەسەر شیعرەکانەوە دیارە. هەروەها زۆربەی ئەو شاعیرانە تێکەڵییان لەگەڵ سۆفیزمدا هەبووە و نێوانیان لەگەڵ تەریقەتدا خۆش بووە، لەمەوە زۆر وشە و زاراوەی سۆفیزمیان بەکارهێناوە و شیعریان لەو بوارەدا گوتووە.

ت_ مەبەستە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە دیاریکراو بوون و بریتیی بوون لە مەبەستی ئایینی و سۆفیزم، وەسف، سروشت، دڵداری...

جگە لە شیعر، لەم قۆناغەدا پەخشانیش سەر هەڵدەدات و یەکەم پەخشان بریتییە لە پەخشانەکەی عەلی تەرەماخی و دواتر پەخشانەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی دێت، پاش ئەوانیش عەقیدەنامەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەولوودنامەی شێخ حسێنی قازی نموونەن بۆ پەخشانی شێوەزاری سلێمانی.

لە نموونەی شاعیری ئەم قۆناغە دەکرێت ئاماژە (مەستوورەی کوردستانی) بدەین، ئەم شاعیرە ناوی خۆی (ماه شەرەف) خانمە و لە سنە لە دایك بووە و لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، چەند بەرهەمێکی هەیە، لەوانە: دیوانی شیعر بە فارسی و کوردی (سۆرانی و هەورامی)، مێژووی ئەردەڵان (بە فارسی)، شەرعیات (بە فارسی).

نموونەی شیعری مەستوورە:

**گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت**

**بریندارم بە تیری سینە سۆزی نێشی موژگانت**

**بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم**

**دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**

**٢_ ئەدەبی نوێ**: ئەم قۆناغەی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ دەست پێدەکات و تا ١٩٧٠ بەردەوام دەبێت. کۆمەڵێك هۆکار بوونە هۆی ئەوەی ئەدەبی کوردی لەو سەردەمەدا نوێ ببێتەوە، لەوانە: سەرهەڵدان و گەشەشەندنی بیری نەتەوایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، هاتنە ئارای نارەزایی و شۆڕش و کۆمەڵە کوردییەکان و چالاکییەکان لەپێناوی مافی کورد، نوێبوونەوەی ئەدەبی تورکی و فارسی و کاریگەربوونی شاعیرانی کورد بەو ئەدەبانە، دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار، کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و گۆڕینی ئاراستەی خوێندن لە خوێندنی ئایینی بۆ خوێندنی سەردەمییانە...هتد. ئەو هۆکارانە ڕۆڵیان لە نوێکردنەوەی ئەدەبەکەدا هەبوو و وای کرد هەندێك بابەت بێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، کە قۆناغی پێشتر بەو جۆرە نەبووە، لەوانە: گرنگیدان بە شیعری منداڵان، نووسینی شانۆ لە ئەدەبی کرمانجی سەروو. هەروەها لەو قۆناغەدا سەرەتاکانی چیرۆك و ڕۆمان بەشێوەیەکی سادە سەرهەڵدەدات. لەم قۆناغەشدا شیعر وەك ژانری باڵای ئەدەب دەمێنێتەوە و چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

أ_ زمانی نووسینی شیعر بەرەو پاکبوونەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە دەچێت و شاعیران هەوڵیان زیاتر وشەی کوردی بەکاربهێنن و نزیك بێت لە زمانی خەڵکی و خەڵك لێی تێ بگەن.

ب_ لە ڕووی کێش و سەرواوە، سەرەڕای بەردەوامبوونی کێشی عەرووز و سەروای یەکگرتوو (یەکێتیی سەروا)، بەڵام هەوڵ دراوە کێشی بڕگەیی و جووت سەروا لە شیعردا بەکاربێت.

پ_ کۆمەڵێك مەبەستی دیکە هاتووەتە ناو ناوەڕۆکی شیعرەوە، کە پێویستیی قۆناغ و سەردەمەکە بوون، لەوانە: مەبەستی کۆمەڵایەتی و مەبەستی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی...

ت_ هەروەها جگە لە شیعر، چیرۆك و ڕۆمان و شانۆش لەم قۆناغەدا هاتوونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

نموونەی شاعیری ئەم قۆناغە (گۆران)ە، کە ناوی عەبدوڵڵا سلێمانە لە هەڵەبجە لە دایك بووە و لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. جگە لە دیوانی شیعری، پەخشان و بابەتی وەرگێردراویشی هەیە، لە نموونەی شیعریی شاعیر:

**شەوی دیلی بوو بە ڕۆژ، خەم بە شادی　　　زستان گەڕا بە بەهاری ئازادی**

**ئەی هاوچین و هاونەتەوەی کاوەی مەرد　　　تۆیش بە بازووی خەباتی سەختی وەك بەرد**

**شەڕفرۆش و ئیمپریالیست و ناپاك،　　　وا داپڵۆسە کە یەکسان بن لەگەڵ خاك**

٣_ **ئەدەبی هاوچەرخ:** ئەم قۆناغەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٧٠ەوە دەست پێدەکات و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەردەوام دەبێت و ٥ ساڵی یەکەمی ئەم قۆناغە لەگەڵ ساڵەکانی دوای ١٩٧٥ لە ڕووی پەیامی شیعری و زمانی دەربڕینەوە جیاوازییان هەیە. چەندان هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی لەو قۆناغەدا ئەدەبی کوردی گۆڕانی بەسەردا بێت. لەوانە: ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار و هەبوونی جۆرێك لە سەربەخۆیی و دابینکردنی مافەکان بۆ خەڵکی کوردستان، دامەزراندنی یەکێتیی نووسەران و کۆڕی زانیاریی کورد و چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری و زۆرتربوونی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، نوێکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی و فارسیی لەو سەردەمە و کاریگەربوونی شاعیران بەو نوێکردنەوەیە. ئەمە بووە هۆی ئەدەبی کوردی لەو قۆناغە چەند هەنگاوێك بەرەو پێش بچێت بەتایبەتی بە هاتنە ئارای گرووپە ئەدەبییەکانی وەك گرووپی ڕوانگە و گرووپی کەرکووك_کفری. ئەم گرووپانە بوونە هۆی هاتنە ئارای بزاوتێکی ڕەخنەیی لەو سەردەمەدا. جگە لە شیعر، چیرۆك و ڕۆمان بەتەواوی لە ئەدەبی کوردیدا جێگەی خۆیان کردەوە. دەکرێت تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئەم قۆناغە و بەتایبەتی شیعری ئەم قۆناغە لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو:

أ_ زمانی نووسینی شیعر، کورتبڕی بە خۆوە بینی و شاعیران ڕۆڵیان لە داتاشین و دروستکردنی وشەی نوێدا هەبووە و شاعیر ویستوویەتی بە دەربڕینی کەم مانای زۆر ببەخشێت.

ب_ لە ڕووی فۆڕمی شیعرەوە شیعری ئەم قۆناغە لەسەر بنەمای کۆپلە دابەش بووە، واتە هەر شیعرێك لە چەند کۆپلەیەك پێکهاتووە و هەموویان پێکەوە مانای شیعرەکە تەواو دەکەن.

پ_ شیعری ئەم قۆناغە دەستبەرداری کێش و سەروا نەبووە، بەلاّم بە جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ کێش و سەروادا کراوە، بە جۆرێك لە زۆربەی شیعرەکاندا جۆرێك کێشی (٣ بڕگەیی) یان (٤) بڕگەیی دەکرایە بنەمای کێش و ئەو ژمارەی بڕگانە لە شیعرەکاندا چەند بارە دەکرانەوە. واتە (٣، ٦، ٩، ١٢) و بەو جۆرە.

ت_ لەبەر ئەوەی لە دوای ١٩٧٥ ەوە بارودۆخێکی دیکە بەسەر کوردستاندا هات، بۆیە زمانی شیعری و جۆری دەربڕینیش گۆڕانی بەسەردا هات، شاعیر بۆ گەیاندنی مەبەستە شیعرەکانی ڕەمزی بەکاردەهێنا، وەك: داربەڕوو، ئەسپ، فەڵەستین، گڕ، ئاڤێستا، زەردەشت...هتد. بۆیە شیعرەکان لە ڕووی واتاوە جۆرێك لە تەمومژیان پێوە دیارە و بۆ تێگەیشتن پێویستیان بە قووڵبوونەوە هەیە.

ج_  هەستی شۆڕشگێڕی و هزری یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە لە شیعرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لە نموونەی شاعیری ئەم قۆناغە دەکرێت تیشك بخەینە سەر شاعیر (جەلالی میرزا کەریم)، لە سلێمانی لە دایك بووە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گرووپی ڕوانگە، دوو کۆمەڵە شیعری بەناوەکانی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام، ڕێگا دوورەکانی چاومان) هەیە.

لە شیعرێکدا دەڵێت:

**بیرتە ڕۆژان..**

**چۆن بە کێوی گریانا هەڵئەگەڕاین و**

**سنگی هەور و**

**ڕەهێڵە بارانە گڕمان**

**بۆ بزەی لێوی پەمەیی تێکۆشانمان**

**ئەهێنایە تەوژمدان**

★★★★★★

**بیرتە شەوی خەو لێ زڕان**

**چۆن لە مێشکی یەکتریا ئەخزاین و**

**تۆوە خەونی**

**پەلکەزێڕینەی تەمەنی**

**دووری ئاسمانی**

**دڵمان ئەچان.**

**٤_ ئەدەبی سەردەم:** ئەم قۆناغە دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱ دەگرێتەوە و کوردستان وەك هەرێمێك سەربەخۆی خۆی وەرگرت و دەزگا کارگێڕییەکانی تایبەت بە خۆی دامەزراند و ئازادییەکی زیاتر لە جاران هاتە کایەوە. شاعیران و نووسەران باشتر دەیانتوانی گوزارشت لەو مەبەست و پەیامە ئەدەبییانەیان بکەن، کە هەیانە. هەندێك لە نووسەران و شاعیران بە هۆی زانینی زمانانی بێگانە و مانەوەیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا توانیان دەستیان بە سەرچاوە ئەدەبییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بگات و هەوڵیان دا لە ئەدەبی کوردیدا لاساییان بکەنەوە. هەروەها نەمانی سانسۆر لەسەر چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی بەرچاوی بەرهەمە

ئەدەبییەکان و سازکردنی چەندان فیستیڤاڵ و کۆنفرانسی ئەدەبی توانرا دەرگەیەکی دیکە بە ڕووی ئەدەبی کوردیدا بکرێتەوە. جگە لەوە، وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەر و شاعیرانی کورد بۆ سەر زمانانی بێگانە دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە کەسانی بێگانە. لەم قۆناغەدا لە پاڵ نووسین و توێژینەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، توانراوە بە شێوەی زانستی و ئەکادیمی لە زانکۆکاندا توێژینەوە لەبارەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بکرێت. دەکرێت چەند تایبەتمەندییەکی شیعری ئەم قۆناغە بخەینە ڕوو، لەوانە:

أ_ شیعری ئازاد لە ئەدەبی کوردیدا زۆر برەوی سەند و بەشێك لە شاعیران پابەندی کێش و سەروا نەدەبوون.

ب_ ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپا کاریگەریی بەرچاوی بەسەر هەندێك شاعیرانەوە هەبووە.

پ_ شاعیرانی دەڤەری بادینانیش لە چوارچێوەی ئەو گرووپە ئەدەبییانەی خۆیان هەیانبووە ڕۆڵی لە ڕەوتی شیعری ئەم قۆناغەدا هەبووە.

لە نموونەی نووسەری ئەم قۆناغە دەکرێت ئاماژە بە ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) بدەین، کە لە سلێمانی لە دایك بووە و کۆمەڵێك ڕۆمانی هەیە، لەوانە:

(مەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دونیا، شاری مۆسیقارە سپییەکان، غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، هەورەکانی دانیاڵ، کەشتیی فریشتەکان، دەریاس و لاشەکان، بەندەر فەیلی...هتد).

# چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی کورد دا

هەندێك لە شارەزا و پسپۆڕانی بواری مێژوو، لە ڕووی دابەشکردنی قۆناغەکانی مێژووەوە، مێژوو بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکەن، ئەوانیش: **مێژووی کۆن، مێژووی ناوەڕاست، مێژووی نوێ و هاوچەرخ.**

أ_ **<u>مێژووی کۆن</u>**: بەشێك لەو پشکنین و لێکۆڵینەوانەی لە ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستان کراون، ئەوە دەخەنە ڕوو کوردستان یەکێکە لەو شوێنە یەکەمینانەی، کە لانکەی ژیان و شارستانیەت بووە و مرۆڤی سەرەتایی لە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا ژیاوە، تەنانەت کەلوپەلی ڕاوکردن و ئاگرکردنەوە و کشتوکاڵیش لە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە. توێژینەوەکانی توێژەرێکی وەك (دۆرش کارود)، کە لە ١٩٢٨ سەردانی هەردوو ئەشکەوتی (زرزێ) و (هەزار مێرد)ی لە پارێزگای سلێمانی کردووە و ئەو شوێنەوارانەی، کە دۆزیویەتییەوە تەمەنیان بۆ ١٢٠ هەزار ساڵ پێش میلاد دەگەڕێتەوە.


**ئەشکەوتی شانەدەر**: یەکێکە لە گەورەترین و کۆنترین و بەناوبانگترین ئەشکەوتەکانی کوردستان. لە باشووری چیای برادۆستی سەر بە قەزای مێرگەسووری پارێزگای هەولێر هەولێر هەڵکەوتووە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٥١_ ١٩٦١ چەند جارێك کنە و هەڵکۆڵین لە ئەشکەوتەکە لە لایەن پرۆفیسۆری ئەمریکی (ڕاڵف سۆلکی) و تیمەکەی ئەنجام دراوە. لە ئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوە چوار چینیان لە ئەشکەوتەکە هەڵکۆڵی و تەمەنی دوایین چین بە ٦٠_٤٥ هەزار ساڵ دادەنرێت، کە لەو ماوەیە مرۆڤ لێی ژیا بێت. جگە لە ئێسکەپەیکەری مرۆڤ، پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵی وەك مەڕ و بزن و لە ئەشکەوتەکە دۆزراوەتەوە. بە پێی ئەو پشکنینانەی کراون ئەو ئێسکەپەیکەرانەی لەو ئەشکەوتە دۆزراونەتەوە مرۆڤی نیاندەرتاڵن.



ئەشكەوتی شانەدەر

**گوندی چەرموو**: یەكێكە لە دێرینترین گوندەكانی كوردستان و جیهان، كە بە یەكەمین ئەو گوندانە دادەنرێت، كە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێ بووە و كشتوكاڵی تێدا كردووە. تیمێكی شوێنەوارناسی لە زانكۆی شیكاگۆ لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨_ ١٩٥٥ دەستیان بە كنە و پشكنینی شوێنەواری ئەو گوندە كردووە. لە ئەنجامی پشكنین دەركەوتووە تەمەنی ئەو گوندە بۆ ٧٠٠٠ پێش میلاد دەگەڕێتەوە. بە پێی ئەو پشكنینانە دەركەوتووە خانووەكانی ئەو گوندە بە ٣٠ خانوو و دانیشتووانەكەی بە ١٥٠ مەزندە كراوە، خانووەكان لاكێشەیی بوون و لە قوڕ دروست كرابوون. دانیشتووانی گوندەكە چەند جۆرە دانەوێڵەییەكیان چاندووە وەك: جۆ و نیسك و نۆك، هەروەها گرنگی بە چاندنی داربەڕووش دراوە. لە لایەنی ئاژەڵدارییەوە هەندێك ئاژەڵی وەك مەڕ و بزن و بەرازیان ماڵی كردووە و ڕایانگرتوون، ئەمەش لە ئەنجامی پشكنین ئێسكی ئەو ئاژەڵانە دۆزراونەتەوە.

هەروەها پاشماوەی كەرەستەی ڕستن و چنین و كەرەستەی جوانكاری و كەرەستەی لە بەرد دروستكراویش وەك پاچ و دەستاڕ ... هتد دۆزراونەتەوە.





Jarmo, October 1950. Operation II - higher stone foundations of 1st

گوندی چەرموو

**شاری هەولێر**: (مەبەست قەڵای هەولێرە)، بە یەکێك لە کۆنترین شارەکانی جیهان دادەنرێت، کە تا ئێستاش ئاوەدانە و ژیان تێیدا بەردەوامە. تەمەنی نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵ دەبێت. لە مێژوودا بە ناوی جۆراوجۆر هاتووە وەك: ئۆربیلم، ئەربائیلۆ...هتد. لە سەردەمی بابلییەکان شوێنی پەرستنی عەشتار بووە. هەروەها لە سەردەمی ئاشوورییەکان و بە تایبەتی سەنحاریب لە بەستۆرەوە ئاو بۆ شارەکە ڕاکێشراوە. لە مێژووی کۆندا چەندان شەڕی بە خۆیەوە دیوە، لەوانە شەڕی گۆگامێلا (ئەربێلا) لەنێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی سەرکردەی یۆنانییەکان و (داریۆش)ی پاشای ئەخمینییەکان لە ٣٣١ پێش میلاد لە نزیك هەولێر ڕووی داوە.

**دەوڵەتی ماد (میدیا) (٧٠٠_٥٥٠ پێش میلاد)**: دوای هێرشە زۆر و بەربڵاوەکانی ئاشوورییەکان بۆ سەر خەڵکی ماد، ئەمە وای لەو خەڵکە کرد هانا بۆ دیاکۆ بەرن و داوای لێ بکەن ببێتە سەرۆك و پاشایان، دیاکۆش بەم داوایە ڕازی دەبێت و دەبێتە پاشای میدییەکان (مادەکان) و بۆ ئەمەش هەموو تیرە و هۆزە میدییەکان کۆ دەکاتەوە و پێکەوە دەوڵەتێکی بەهێز دروست دەکەن و شاری (هەگمەتانە_ ئەکبەتان) دەکەنە پایتەخت. دیاکۆ نزیکەی ٥٠ ساڵ حکومڕانی دەوڵەتەکەی کردووە و سوپایەکی بەهێزی پێکهێناوە و پایتەختەکەی بە شوورایەکی پتەو دەور داوە و ئایینی زەردەشتی ئایینی دەوڵەتەکە بووە. بە پێی هەندێك

دەقی هەڵکۆڵراو باس لەوە دەکرێت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا تاوانەکانی دزی و کوشتن یەکجار کەمی کردووە. دوای مردنی دیاکۆ، کوڕەکەی فەرمانڕەوایی گرتووەتە دەست و لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتەکە لە ڕووی سەربازییەوە زۆر بەهێز بووە. ململانێ و شەڕ و پێکدادانی میدییەکان و ئاشوورییەکان چەندان ساڵی خایاندووە و دواجار میدییەکان توانیویانە بەسەر ئاشوورییەکان زاڵ بن و دەوڵەتەکەیان بڕوخێنن و دەست بەسەر شاری (نەینەوا)ی پایتەختیاندا بگرن. دوا پاشای ئەم دەوڵەتە ناوی (ئاستیاگ) بووە و پاشایەکی دادگەر بووە، بەڵام فەرماندەیەکی باڵای میدییەکان بەناوی (ئارپاك) خیانەتی لێ دەکات و هاوکاریی هاخامەنشینەکان (ئەخمینییەکان) دەکات و دەوڵەتی ماد دەڕوخێنن. زۆرێك لە مێژوونووسان و شارەزایان، میدییەکان بە یەکێك لە باپیرە گەورەکانی کورد دادەنێن، یەکێك لەوانە کوردناسی ڕووس (ڤلادیمێر مینۆرسکی)یە، کە پێی وایە ڕیشەی کورد بۆ مادەکان دەگەڕێتەوە.

ب_ **مێژووی ناوەڕاست**: ئەو دەمەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکە دەرکەوت و پرۆسەی فەتحکردن هاتە کایەوە، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەشێك بوون لە دەوڵەتی ساسانی و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان هەر لە لایەن دانیشتووانەکەیەوە بەڕێوە دەبرا، لە فەتحکردنی شارەزوور و گەرمیان و هەولێر و قەڵاکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ تەنیا باسی بەرگریی کورد کراوە و ئاماژە بە سوپای ساسانی نەدراوە. لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب و دوای شکستی لەشکری ساسانییەکان و کوژرانی ڕۆستەمی سەرلەشکری سوپاکەیان لە ساڵی ١٦ی کۆچی، پاشماوەی سوپای ساسانی بۆ شارۆچکەی جەلەولا پاشەکشێی کرد، لێرە بەدواوە دەڤەرە کوردنشینەکانی سەر سنووری عێراق (عێراقی ئەوکات) بوونە گۆڕەپانی شەڕ.

لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) (جابان_کابان)ی کوردی چاوی بە پێغەمبەر (د.خ) و بە یەکێك لە هاوەڵان دادەنرێت، دوای ئەوە بە درێژایی سەردەمی ئومەوی لە چوار پێنج ئاماژەی کورت و لاوەکی بەولاوە هیچ هەواڵ و دەنگوباسێك سەبارەت بە کورد بەرچاو ناکەوێت،

ئەوەندە هەیە ئەم ئاماژانە ئەوەندە دەبن بڵێین کورد هێشتا نەبووبوونە لایەنگری دەوڵەت و خۆیان لە ڕیزی ڕکابەرانی دەوڵەتی ئومەوی دەبینیەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچییەوە (نۆیەمی میلادی) بەرەبەرە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، میر و خاوەن قەڵاکانی کورد دەرکەوتن، کە سەروەری و دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ئەندامانی هۆزەکانیان دەشکا و هەریەکەو قەلاّ و ناوچەی تایبەت بە خۆیان لە ژێر دەستیاندا هەبوو. تا ڕادەیەك کاروباری ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد و خەلیفەی عەبباسی هێز و کاریگەرییەکی زۆری بەسەریانەوە نەبوو، بەڵام لە هەر چوارچێوەی گشتی دەوڵەتی عەبباسی بوون، لەمەوە چەند میرنشینێکی کوردی دروست بوون، لەوانە:

_ **میرنشینی حەسنەوەیهی**: ئەم میرنشینە لە لایەن (حەسنەوەیە کوڕی الحسین)ی کوردی بەرزیکانی لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی (دەیەمی میلادی) دامەزراوە و لە ناوچەکانی: دەینەوەر، هەمەدان، کرماشان..**هتد** دەسەڵاتی هەبووە.

_**میرنشینی شەدادی**: ئەم میرنشینە لە لایەن (محەمەدی کوڕی شەداد)ەوە لە هەرێمی ئاران (لە ئەرمینیا) دامەزراوە و پاشان مردنی محەمەد کوڕی شەداد، ابوالحسن ی کوڕی جێی گرتووەتەوە درێژەی بە فەرمانڕەوایەتی داوە.

_**میرنشینی ڕەوادی**: دەسەڵاتی ئەم میرنشینە ناوچەکانی: مەراغە، تەورێز، ئەردەبیل، خووی، سەلماس... گرتووەتەوە و لە لایەن محەمەد کوردی الحسین ی ڕەوادی دامەزراوە.

_ **میرنشینی مەڕوانی**: ئەم میرنشینە لە لایەن (ابو عبدالله الحسن کوڕی دوستك) دامەزراوە، بۆیەش بە دەوڵەتی دۆستەکیی مەڕوانییش ناسراوە و لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە دیاربەکر سەری هەڵداوە و شارەکانی: میافارقین، نسێبین، بەتلیس، حەسەن کێف...**هتد** گرتووەتەوە.

_ **میرنشینی عەنازی**: ئەم میرنشینە لە ناوچەی حەلوان لە لایەن (ابوالفتح محمد کوڕی عنان)ەوە دامەزراوە. دەسەڵاتی ئەم میرنشینە ناوچەکانی: حەلوان، دەینەوەر، کرماشان، داقووق...**هتد** گرتووەتەوە.

_**میرنشینی هەزەبانی**: ئەم میرنشینە لە لایەن هۆزی هەزەبانییەوە دامەزراوە و دەسەڵاتی لە هەولێر و دەوروبەری دەرکەوتووە.

ج_ **<u>مێژووی نوێ و هاوچەرخ</u>**: دوای شەڕی چاڵدێران (٢٣ی ئابی ١٥١٤) لەنێوان عوسمانی و سەفەوییەکان، لەوە بەدواوە مێژووی کورد پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەوە، ئەویش دوای ئەوەی لە ئەنجامی ئەو شەڕەوە بۆ یەکەمین جار کوردستان دابەش کرا و زنجیرەیەك شەڕ و رێککەوتنامەی نێوان هەردوو دەوڵەت بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لەو سەروبەندەشدا کۆمەڵێك میرنشینی کوردی دێنە کایەوە، لەوانە:

_ **میرنشینی ئەردەڵان**: ئەم میرنشینە ماوەی نزیکەی ٧٠٠ ساڵ حکومڕانی بەشێکی کوردستانیان کردووە و تەنانەت دەسەڵاتیان گەیشتووەتە کەرکوك و موسڵ، ماوەیەکی زۆر شاری سنە پایتەختی میرنشینەکە بووە و لە باوە ئەردەڵان تا خوسرەوخانی ناکام چەندان میر حکومڕانی ئەم میرنشینەیان کردووە.

_ **میرنشینی بادینان**: ئەم میرنشینە لە لایەن شێخ بەهائەددین کوڕی شێخ شەمسەددینەوە دامەزراوە و پایتەختەکەی ئامێدی بووە و بەرەو ناوچەکانی دهۆك و ئاکرێ و زاخۆ کشاوە و تەنانەت ناوچەی هەکاریشی گرتووەتەوە.

_**میرنشینی بۆتان**: ئەم میرنشینە لە لایەن میر عەبدولعەزیزەوە لە ناوچەی جزیرە و دەوروبەری دامەزراوە و یەکێك لە میرە بەناوبانگەکانی میر بەدرخان پاشا بووە، ئەم میرنشینە لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەناو براوە.

_**میرنشینی سۆران**: ئەم میرنشینە زیاتر لە چوار سەدە حکومڕانی کردووە و پایتەختەکەی ڕەواندز بووە، لە قۆناغێکدا سنووری زۆر فراوان بووە و هەولێر و کەرکوك و موسڵی گرتووەتەوە. ئەم میرنشینە یەکێك لە میرەکانی ئافرەت بووە بە ناوی (خانزاد) و هەروەها میر محەمەد ناسراو بە پاشای گەورە یان پاشای کۆرە میرێکی دیکەی ئەم میرنشینە بووە.

_**میرنشینی بابان**: دامەزراندنی ئەم میرنشینە بۆ فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە دەگەڕێتەوە و ماوەی چوار سەد حکومڕانی کردووە، ناوچەی سلێمانی و بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

لە ڕۆژئاواوە کەرکووکی گرتووە، سەرەتا قەلاچوالان پایتەختی بووە و پاشان شاری سلێمانی بووەتە پایتەخت و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزەدە لە لایەن عوسمانییەکانەوە لەناو براوە.

دوای ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان، بوون و بەردەوامیی خەباتی سیاسیی کورد لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا چووە چوارچێوەی شۆڕشی چەکداری (وەك شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران) و خەباتی ڕۆشنبیری (ڕۆژنامەی کوردستان١٨٩٨) و دروستکردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی (کۆمەڵەی هیڤی، کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد، کۆمەڵەی عەزمی قەومی کورد...هتد).

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی لەو سەردەمە کورد تێیدا دەژیا، بە تایبەتی لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا. یەکێك لەو ڕێککەوتنامە هەر گرنگانەی لەو سەروبەندەدا هاتە کایەوە ڕێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ) بوو لەنێوان بەڕیتانیا و فەڕەنسا و بە ئاگاداریی ڕووسیا لە ١٩١٦دا بە ئامانجی دابەشکردنی خاکی ئەو وڵاتانە بوو، کە لە ژێر دەستی عوسمانییەکان بوو بەسەر هەر یەکە لە ڕووسیا و بەڕیتانیا و فەڕەنسادا و لەمەوە کوردستان بۆ چوار پارچە دابەش کرا. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی دوو پەیماننامەی گرنگ هاتنە کایەوە، کە کاریگەرییان بەسەر بوون و چارەنووسی کورد و کوردستانەوە هەبووە، لەوانە: پەیمانی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)، کە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچەی (سیڤەر) لە فەڕەنسا هاتە کایەوە. پەیمانەکە لە (١٣) بەش و (٤٣٣) بەند پێکهاتبوو، لە بەشی (٣) و لە بەندەکانی (٦٢_٦٣_٦٤) بە ڕاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردستان دەکات. سیڤەر بە یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێت، بە ڕاشکاوی داوای مافی کورد دەکات لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، بەڵام پەیماننامەی لۆزان، کە لە (٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣) لە شاری لۆزانی سویسڕا بەسترا لەنێوان کۆمەڵە وڵاتێك بەسترا بە مەبەستی دیاریکردنی سنووری دەوڵەتی تورکیا، بەمە کۆتایی بە پەیمانی سیڤەر هێنرا و ئاوات و داخوازییەکانی کورد لەناو برا.

# جوگرافیای کوردستان

بەپێی بۆچوونی هەندێك لە جوگرافیازانان دیاریکردنی سنووری کوردستان (کوردستانی گەورە) بە کارێکی سەخت و دژوار دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی بۆچوونی جیاوازی لەبارەوە هەیە. ئەم بۆچوونانە تەنیا لە لایەن توێژەران و شارەزایان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەزگە ڕەسمییەکان و هێزە سیاسییەکانەوە نییە، بەڵکوو لەنێو خەڵکی کوردستانیش جیاوازی و ڕای جۆراوجۆر هەیە، ئەمەش زیاتر بۆ نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی و دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەرتاسەریی یەکگرتووی کوردستان دەگەڕێتەوە. بۆیە سنووری کوردستان چ لە مێژووی کۆن و چ لە قۆناغە مێژووییەکانی دیکەدا گۆڕانی بەسەردا هێنراوە و لێی داگیرکراوە.

لە نموونەی ئەو کەس و دەزگەیانەی باسی سنووری کوردستانیان کردووە وەك: شەرەفخانی بەدلیسی، شەریف پاشای خەندان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی کورد لە پاریس، ئەدمۆنز، شاکر خەسباك، مینۆرسکی، نیکیتین، عەبدولڕەحمان قاسملوو، لازاریڤ...هتد.

شوێنگەی جوگرافیی کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، سنوورەکەی لە باکوورەوە لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیا و ئەرمینیادا و لە باشوورەوە لەگەڵ ئێران و کەنداوی عەرەبییە و لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێرانە، لە ڕۆژئاواوە عێراق و سوریایە.

شوێنگەی کوردستان بە گوێرەی هێڵەکانی پانی و درێژی، لەنێوان هێڵی پانیی ٣٩، ٤٠ی باکوور و ٦١، ٣٠ی باکوور و هێڵی درێژی ٦١، ٥٢ی ڕۆژهەڵات و ٠٠، ٣٦ی ڕۆژهەڵاتدا کشاوە. درێژیی خاکی کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور نزیکەی ١٣٠٠ کیلۆمەترە، پانایییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا لە هەموو شوێنێکی وەك یەك نییە، بۆیە لەنێوان ٥٧٨ تا ١١٢ کیلۆمەترە.

لە ڕووی جوگرافیای سیاسییەوە سنووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بە ڕەسمی دەستنیشان نەکراوە و ئەم دەوڵەتانە دان بە خاك و سنووری

کوردستان نانێن و خاك و سنوورەکەی بە بەشێك لە ولأتەکەی خۆیان دادەنێن و هەندێك جار و لای هەندێك لەو دەوڵەتانە نەتەوەی کوردیش بە بەشێك لە نەتەوەی خۆیان هەژمار دەکەن.

داڕێژرانی سنوورەکانی کوردستان مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە سنووری ڕۆژئاوای ئێران، لە لایەکەوە سنووری ڕۆژهەلأتی تورکیا و عێراق بووە و لە لایەکی دیکەشەوە مێژووەکەی بۆ دوای شەڕی چالدێران ١٥١٤ دەگەڕێتەوە و بەپێی پەیماننامەی ئەرزرۆم ١٦٣٩ دیاری کراوە. سنووری باشووری تورکیا، باکووری عێراق، ڕۆژهەلأت و باکووری سوریا بۆ دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە سنووری نێوان تورکیا و عێراق بۆ ١٩٢٥ و سنووری نێوان سوریا و عێراق بۆ ١٩٣٦ دەگەڕێتەوە.



نەخشەی ١ شوێنگەی جوگرافی کوردستان

تۆپۆگرافیای کوردستان لە ڕووی بەرزی و نزمیی خاکەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازیی هەیە. ناوچەی باکوور و ڕۆژهەلأت، چیای وای لێیە، کە بەرزاییی هەندێکیان لە ٤ هەزار مەتر زیاتر دەبێت. لەنێو ئەو چیایانەدا چەند دەشتاییەکی تەخت هەن. ناوچەی باشوور و ڕۆژئاوا چیایان کەمە و بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون و لەنێو ئەم دوو داردە سروشتییە چەندان تەپۆلکە(گرد) هەن. بە شێوەیەکی گشتی تۆپۆگرافیای کوردستان لە سێ بەشی جوگرافی پێکهاتووە: (چیاکان، گردەکان، دەشتەکان).

**چیاکان:** زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لە چیا پێکهاتووە، بەڵام تا ئێستا ژمارەی چیاکانی کوردستان بەتەواوی دەست نیشان نەکراوە و سەرچاوە هەیە ژمارەی چیاکانی کوردستانی بە ٢٢٠ داناوە و هەشە لەو ژمارەیە کەمترە. بەرزیی چیاکانی کوردستان لە ئاستی ڕووی دەریاوە جۆراوجۆرن، هەیانە لە ٥ هەزار مەتر زیاترە و هەشیانە لە هەزار مەتر کەمترە. لە نموونەی چیاکانی کوردستان وەك: ئارارات (ئاگری) ٥١٣٧ م، زەردەکوە، سیپان، زاگرۆس، هەڵگورد ٣٧٠٧ م، شاهۆ، قەندیل، دالآهۆ، حەمرین...هتد.

**گردەکان:** گردەکانی کوردستان بە زۆری لە زنجیرەیەکی خواروخێچ پێکهاتووە و سوودیان زۆرە، بۆ چاندنی دانەوێڵە بەکاردێت هەروەها دەبێتە لەوەڕگە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵان، لە نموونەی گردەکان: گردی بایەزید، بەرزنجە، گردی پێنجوێن، چوارتا، مەلاتیە...هتد.

**دەشتەکان:** دەشتەکانی کوردستان ڕێژەی ١٥٪ی ڕووبەری خاکی کوردستان پێکدەهێنن، بۆ نموونە: بیجاڕ، شەنگار، ساحب، سندی، شارەزوور، قەراج، کەندێناوە، کامیاران، دەشتی هەولێر...هتد.

ئاووهەوای کوردستان بە گشتی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت و هەر ناوچەیەك هەرێمێکی ئاووهەوای تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕووی پلەی گەرمی و بارستایی باران و بەفر و با. وەرزەکانی ساڵ و کاتی وەرزەکان لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان تا ڕادەیەك جیاوازە، لەگەڵ ئەوەش کوردستان چوار وەرزەکە بە خۆوە دەبینێت.

لە ڕووی نیشتەجێبوونی دانیشتووانەوە کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی شارنشین و گوندنشینی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە هەموو شوێنێکی کوردستان وەك یەك گەشەی نەکردووە، بۆیە ئاوەدانی ناوچەکانیش وەك یەك نەبوون و ناوچەی وا هەبووە لە ناوچەکانی دەورووبەری زیاتر پەرەی سەندووە و خێراتر گەشەی کردووە.

لەبەر ئەوەی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەت دابەش کراوە، ئەو دەوڵەتانەش یەك پێناسەیان بۆ شار نییە و پێوەریان بۆ شار جیاوازە، لەبەر ئەوە شار لە دەوڵەتێکەوە بۆ

دەوڵەتێکی جیاوازە، بەڵام بە گشتی شار بۆ ئەو ئاوەدانییە بەکاردێت، کە ژمارەی دانیشتووانی لە بیست هەزار کەس زیاترە و بە پێی ژمارەی دانیشتووان دەبێتە چەند جۆرێك. هەرچی گوندە ئەوا ژمارەی دانیشتووانی ناگاتە دە هەزار کەس و ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە یەکەی کارگێڕی گەورەترن ئەوانیش سەر بە شارن.



## ڕۆژنامەگەریی کوردی

ڕۆژنامەگەری هەموو ئەو کەناڵ و ئامرازانە دەگرێتەوە، کە هەواڵ و زانیاری لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بە وەرگر (المتلقي) دەگەیەنن و مەبەست لێیان بەرەو پێشبردنی ئاستی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هزر و هۆشیاریی ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی و بوارەکانی دیکەیە. ڕۆژنامەگەری لە چەند شێوازێکدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش: خوێنراو وەك ڕۆژنامە و گۆڤار، بیستراو وەك ڕادیۆ، بینراو وەك تەلەفزیۆن، ئەلیکترۆنی وەك ماڵپەڕ.

هەلومەرجی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ئەوسا کوردستان تێیدابوو ئەویش دوای تێکچوون و لەناوبردنی شۆڕشی بنەماڵەی بەدرخان پاشا لە ١٨٤٧دا، کە دەوڵەتی عوسمانی بەدرخانییەکانی لە دەڤەری بۆتانی باکووری کوردستانەوە بۆ ئەستەنبوڵ و میسر و یۆنان و چەند وڵات و دوورگەیەکی دیکە دوور خستەوە، بەم شێوەیە ئەم بنەماڵە شۆڕشگێرە پەرش و بڵاو بوونەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا شکستی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی دەوڵەتی قاجاری لە ١٨٨١ و پاشان بەدیلگیرانی و ڕەوانەکردنی بۆ شاری تائیف، کە تا مردنی لە ١٨٨٣ لەوێدا مایەوە. ئەم بارودۆخە وای کرد چالاکیی سیاسی و سەربازیی کورد بچێتە قۆناغی بێدەنگییەوە و شۆڕش و ڕاپەڕینێکی ئەوتۆ بەرپا نەبوو و بنەماڵە و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد بەدوای ئامرازی جێگرەوەی شۆڕشی چەکداری دەگەڕان و تێگەیشتبوون لەوەی ئەو بارودۆخە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی چەکداری لەبار نەبووە و پێویستە خەباتی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بێتە ئاراوە و ببێتە درێژەپێدەر و تەواوکەری شۆڕشە چەکدارییەکان. بۆیە شاعیرێکی وەك حاجی قادر بە گلەییەوە باسی گرنگیی ڕۆژنامە و کتێب و مێژوو دەکات، کە ئەمانە لە چوارچێوەی خەباتی ڕۆشنبیریدان و دەڵێت:

**کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەرپێ**

**بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ڕێ**

**بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت**

## کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت

لەبەر بێدەرەتانی لە بواری شۆڕشی چەکداریدا، میقداد مەدحەت بەدرخان وەك ڕۆڵەیەکی بنەماڵەی بەدرخان بۆ بەردەوامیدان بە خەباتی نەتەوەیی ڕێگەیەکی دیگەی گرتەبەر، ئەویش خەباتی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و خزمەتکردنی کولتوور و زمان و ناساندنی مێژووی کورد بوو لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە **ڕۆژنامەی کوردستان** دەردەکات و لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەدا دەنووسێت: **من ڕۆژنامەیەکم بە ناوی کوردستان دەرکرد. ئامانج لەم کارەدا ئەوەیە گەلی کورد لە بوارەکانی کولتووری و سیاسی و زمان و ئابووری و زانست هۆشیار بکەمەوە.** بۆیە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بە خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دادەنرێت.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە شاری قاهیرە لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرکراوە و ڕۆژنامەکە ٣١ ژمارەی لێ دەرکراوە و ٤ ساڵ بەردەوام بووە. سەرەتا ڕۆژنامەکە دوو هەفتە جارێك دەرچووە پاشان کراوەتە مانگانە. ئەم ڕۆژنامەیە ٤ لاپەڕە بووە و سەرەتا تەنیا بە زمانی کوردیی شێوەزاری بۆتانی و بە پیتی عەرەبیی دەستکاریکراو_ئارامی چاپ کراوە، پاشان لە ژمارە (٤)ەوە هەندێك لە بابەتەکانی بە زمانی تورکی بڵاو کراوەتەوە. هەرچەندە دابەشکردنی ڕۆژنامەکە لەناو دەوڵەتی عوسمانی قەدەغە بووە، بەڵام بە نهێنی دابەش کراوە و نزیکەی ٢٠٠٠ دانە لە تیراژی ڕۆژنامەکە بۆ کوردستان نێردراوە و بەخۆرایی دابەش کراوە و ڕۆژنامەکە خوێنەری هەبووە.

سەرەڕای ئەوەی شوێنی دەرکردنی ڕۆژنامەکە لە ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە دوور بووە، بەڵام دیسان بە هۆی دژایەتیی عوسمانییەکانەوە بە ناچاری چەند جارێك شوێنی دەرکردنی ڕۆژنامەکە گۆڕاوە، لەبەر ئەوە جگە لە قاهیرە، کە دوو جار چەند ژمارەیەکی لێ دەرکراوە، لە شاری (جنێف)یش دوو جار چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەی لێ چاپ کراوە، هەروەها لە شارەکانی (لەندەن) و (فۆلکستۆن)یش چاپ کراوە. جگە لە گۆڕینی شوێنی دەرکردنی ڕۆژنامەکە، سەرنووسەری ڕۆژنامەکەش گۆڕاوە، بە جۆرێك تەنیا ٥ ژمارەی یەکەمی

ڕۆژنامەکە لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان دەرکراوە، دوای ئەوە عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە.


سالا ئوَّلی

عدد ١

کردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحيم

لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان

دوای دروستکردنی چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و تایبەتمەند بە قوتابییان لە باکووری کوردستاندا، کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرکرد، لەوانە گۆڤاری ڕۆژی کورد، کە لە ١٩١٣ لە لایەن کۆمەڵەی هێڤیی کورد لە ئەستەنبول دەرکراوە. ئەم گۆڤارە مانگانە بووە و بە هەردوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو بابەتەکانی بڵاو کردووەتەوە. گۆڤارەکە گرنگی بەو باسانە داوە، کە تایبەت بوون بە کورد و کوردستان و لە ڕووی ئەدەبی و مێژوویی و ڕۆشنبیرییەوە و ٤ ژمارەی لێ دەرچووە. هەر لەو ساڵەدا گۆڤاری (هەتاوی کورد)یش دەرکراوە.


بانگ کرد


١٣٣٢

مسلکمزه مناسب مقالات نافعه یه ستونلرمز آچیقدر

ابو النجم بدر واوغلی هلال

٣


لە کاتی هاتنە ئینگلیزەکان بۆ عێراق و لەو دەمەدا کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی وەك مێجەر سۆن ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ١٩١٨_١٩١٩ بەغدا دەرکردووە. هەروەها ناوبراو لە ١٩٢٠_١٩٢٢ لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی دەرکردووە و ١١٨ ژمارەی لیٚ دەرچووە.



پیشکوتن

لە سەردەمی حکومداریی شێخ مەحموود چەندان ڕۆژنامە دەرکراوە، لەوانە: بانگی کوردستان، بانگی کورد، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو پیرەمێردی شاعیر ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دەرکردنی ڕۆژنامەکانی (ژیانەوە)، (ژیان)، (ژین).

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبوژێتەوە و گۆڤاری هاوار لە ساڵانی ١٩٣٢_١٩٤٣ لە لایەن (جەلادەت بەدرخان)ەوە دەردەکرێت، کە کۆمەڵێك لە شیعری شاعیرانی باشووری کوردستانی تێدا بڵاو کراوەتەوە، وەك: حاجی قادری کۆیی، ئەسیری، گۆران، شێخ سەلام...هتد. ژمارەکانی سەرەتای بە پیتی ئارامی بووە، پاشان بە تیپی لاتینی چاپ کراوە.


هاوار

هژمار ١

١٥ گلاون ١٩٣٢

كومةلا كردي

تيدة خستيين كومةلى

آرمانج ، آوايى خبات ونقيساندنا هاواري

| | |
|---|---|
| القباى كردى | فارسي |
| كردجه الفبا | تركى |
| هدفنا و خطتنا | عربي |
| الاحرف الهجائية الكردية | عربي |

له سالآنی ١٩٣٥_١٩٣٦ گۆڤاری (ڕووناکی) له لایەن حسێن حوزنی موکریانی بڵاو کراوەتەوە، هەروەها گۆڤاری گەلاوێژ له ١٩٣٩_١٩٤٩ له بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

له ساڵی ١٩٣٩ ڕادیۆی کوردی له بەغدا کرایەوە.

له ١٩٦٩ بەشی کوردی له تەلەفۆیۆنی بەغدا کرایەوە.

# جینۆسایدی گەلی کورد

زاراوەی جینۆساید وشەیەکی گریکییە (یۆنانییە)، لە دوو بەشی (جینۆ) واتە: ڕەگەز، بنەچە، نەژاد، و (ساید) بە واتای لەناوبردن یان پاکتاوکردن بەکاردێت، هەردوو بەشی وشەکە پێکەوە بە واتای پاکتاوی ڕەگەزی، یان لەناوبردنی نەژادی دێت.

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە لایەن شارەزایەکی قانوونیی پۆڵەندی بە ناوی (ڕافائیل لیمکین) لە ساڵی ١٩٣٣ بەکارهاتووە، کە ئەم کەسە خۆیشی یەکێکە لەوانەی چەند کەسێکی نزیکی بوونەتە قوربانیی دەستی نازییەکان.

لە مێژوودا زۆر ڕووداوی جینۆساید ڕووی داوە، لەوانە: جووەکان لە مێژووی کۆن و هاوچەرخدا چەند جارێك ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە، هەروەها لەناوبردنی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا، دیسانەوە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و زۆر ڕووداوی دیکەی جینۆساید و قڕکردنی بەکۆمەڵ بەسەر هەندێك نەتەوەدا هاتووە.

گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی لە چەند وێستگەیەکی مێژووییدا تووشی چەندان جۆری جینۆساید بووەتەوە.

**جۆرەکانی جینۆساید:**

بە گشتی چوار جۆری جینۆساید هەیە، هەر یەك لەم جۆرانە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرانبەر گەلی کورد بەکارهێنراوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و دوور مەوداشی هەبووە.

١_ **جینۆسایدی جەستەیی**: ئەم جۆرە لە جینۆساید بریتییە لە لەناوبردنی تاکەکانی گەلێك، واتە لە ڕووی جەستەییەوە کۆتاییی بە هەبوونی ئەو تاکە بهێنرێت و لە ژیاندا نەهێڵرێت، ئەویش بە ڕێگەی: گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شوێنبزرکردن، لەسێدارەدان، سووتاندن، نقوومکردن لە ئاو، لەناوبردن بە چەکی کیمیایی...هتد. بەشی زۆر ئەم ڕێگەیانەی جینۆسایدی جەستەیی دژی گەلی کورد بەکارهاتووە، لەوانە: کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شوێنەکانی وەك بالیسان و شێخوەسانان و ... هەروەها زیندەبەچاڵکردنی ١٨٢٠٠٠ لە لایەك و

٨٠٠٠ بارزانی لە لایەکی دیکەوە و لەناوبردنی کوردە فەیلییەکان و بۆردومانکردنی قەلآدزێ...هتد، هەموو ئەمانە لە خانەی جینۆسایدی جەستەیین.

٢_ **جینۆسایدی بایەلۆجی**: ئەم جۆرە جینۆسایدە بریتییە لە ڕێگریکردن لە زۆربوون و وەچەخستنەوە و هاتنە دونیای نەوەی دیکە، بە ڕێگەی نەزۆککردنی ژنان و لێك جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان...هتد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ژمارەی ئەو گەلە زیاد نەبێت و بەرە بەرە بەرەو کەمبوونەوە بچێت. ئەم جۆرەی جینۆساید لە پرۆسەی ئەنفال ڕەنگی دایەوە، بە تایبەتی لەو شوێنانەی ژنان و پیاوان لە یەکتری جیا دەکرانەوە، هەروەها جیاکردنەوەی پیاوانی بارزانی لە هاوسەرەکانیان لە ساڵی ١٩٨٣.

٣_ **جینۆسایدی کولتووری**: ئەم چەشنە لە جینۆساید خۆی دەبینێتەوە لە قەدەغەکردنی زمانی دایك و شێواندنی مێژوو و لەناوبردنی شوێنەوار و سڕینەوەی کەلەپووری نەتەوەیەك و قەدەغەکردنی دابونەریت و جلوبەرگی نەتەوەیی و بۆنە و یادە نەتەوەییەکان و پێنەدانی ناسنامە و بێبەشکردنی تاك لە مافی هاوولاَتیبوون. ئەم جۆرە لە جینۆساید بە چەندان شێوە بەرانبەر نەتەوەی کورد پەیڕەو کراوە و لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر دابەش کراوە هەر یەك بە شێوەیەك دەرکەوتووە.

بۆ نموونە لە عێراق زیاتر خۆی لە شێواندنی مێژوو دەبینیەوە و لە تورکیا ناتۆرەی (تورکی چیا)یان لە کورد نابوو و ناوی شار و شوێنەکانیان لە کوردییەوە بۆ تورکی گۆڕی و لە ئێران نەتەوە و زمانی کوردی بە بەشێك لە نەتەوە و زمانی فارسی دانراوە و ڕێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی نەدراوە، لە سوریاش تاکی کورد لە پێدانی ناسنامەش بێبەش کراوە.

٤_ **جینۆسایدی ئابووری**: ئەم چەشنە لە جینۆساید بریتییە لە کاولکردنی زەوی و کێڵگە کشتوکاڵییەکان و کوێرکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و ڕێگەگرتن لە کارکردنی خەڵك لە زەوییەکانیان و لەناوبردنی دەستی کار و نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان، بەمەش تاك لە تاکێکی بەرهەمهێنەرەوە دەبێتە تاکێکی بەکاربەر و داهات و دەرامەتی ئەو ناوچە بەرەو نەمان دەچێت. لە پرۆسەی ئەنفالدا زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند خاپوور کران، ئەمەش

لەو کاتەدا سەرچاوەی داهاتی ئەو خەڵکە بوو، هەروەها تاڵانکردن و دەست بەسەراگرتنی کەلوپەلەکانیان و لەناوبردنی ئەو هەزاران کەسە، کە دەستی کار بوون، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی زۆری نەرێنی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە هەبوو.





مۆنۆمێنتی ئەنفال_ چەمچەماڵ